Vision Foundation
for Strategic Studies
دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# نەخشەڕێگای ستراتیجی بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی چەمچەماڵ

کانوونی دووەم ٢٠٢٦

Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park
www.visionfoundationiq.org
+964 772 330 0005

# بەشی توێژینەوەکان - دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

**جۆری بڵاوکراوە :**
پۆڵسی پەیپەر

**بابەت :**
حکومڕانی و ئابوری

**توێژەر:**
د. دیدار عەبدولکەریم

## بەیاننامەی دامەزراوەکە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە پێناو تێگەشتنی هاوسەنگ و دروستکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کاردەکات. لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لە سەرجەم گرفت و قەیرانە هاوچەرخەکان و دۆزینەوەی چارەسەری پراکتیکی گونجاو. ئێمە وەک ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکەمان کە برتییە لە پاراستن و پەرەپێدانی وڵاتەکەمان، دەمانەوێت لە ڕێگەی توێژینەوەی ستراتیجییەوە، بەرچاوڕوونی و نەخشەڕێگای گونجاو پێشکەش بە داڕێژەرانی سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو حکومەتی فیدڕاڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر سێ دەسەڵاتی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری)، ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین.

## تێبینی

ئەو زانیاریی، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو بریتین لە دیدگای توێژەرانی توێژینەوەکە، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی دیدگا و بۆچوونی دامەزراوەکەمان بکەن.

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە ©٢٠٢٦
INFO@VFSSIQ.ORG
WWW.VFSSIQ.ORG

## پوختەی جێبەجێکار

چەمچەماڵ ناوچەیەکی ستراتیجی گرنگە لە هەرێمی کوردستانی عێراق. جگە لە ژمارەی دانیشتووان، خاوەنی هەڵکەوتەیەکی جوگرافیی بەرچاوە؛ هەروەها قەزاکە ڕێژەیەکی زۆری گەنج و سەرچاوەی سروشتی و مرۆیی بەرچاوی هەیە. چەمچەماڵ خاوەنی یەدەگێکی دەوڵەمەندی غازی سروشتی، ناوچەی کشتوکاڵیی بەپیت و شوێنەواری کولتووری و مێژوویی دێرینە لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی. سەرەڕای هەموو ئەم دەرفەتانە، چەمچەماڵ هێشتا نەیتوانیوە لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا گەشەپێدانی بەردەوام، هەلی کار و هەمەچەشنکردنی ئابووری بەدەستبهێنێت.

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، بە هاوبەشی لەگەڵ زانکۆی چەرموو، لە ٧ـی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٥ کۆنفرانسێکی ئاستبەرزی ئەنجامدا. مەبەست لە کۆنفرانسەکە لێکۆڵینەوە بوو لە ئاستەنگ و دەرفەتەکانی گەشەپێدان لە چەمچەماڵ لە چوارچێوەیەکی ستراتیجی درێژخایەندا، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە گەشەپێدانی قەزاکەدا هەیە.
لە کۆنفرانسەکەدا پسپۆڕان، ئابووریناسان، ئەندازیاران، بڕیاربەدەستان، لایەنە پەیوەندیدارەکان و ئیدارەی چەمچەماڵ بەشداربوون، بۆ پێشکەشکردنی زانیاری لەسەر دۆخی ناوچەکە، وەڵامدانەوەی ڕەخنەکان و داڕشتنی نەخشەڕێگای گەشەپێدان لەو کەرتانەی پەراوێز خراون، وەک: پیشەسازی، کشتوکاڵ و سەرمایەی مرۆیی؛ ئەمەش بە ئامانجی بووژاندنەوەی پیشەسازی و ئابووریی هەرێمی کوردستانی عێراق.

بە گشتی، دەرەنجامە کۆتاییەکە دەریدەخات کە ئاستەنگە جۆراوجۆرەکانی گەشەپێدان لە چەمچەماڵ لە چیدا کورت دەبنەوە؛ هەروەها داڕشتنی نەخشەڕێگایەکی تۆکمە، جێبەجێکراو و واقیعی بە تاکە چارەسەر دانرا بۆ بنەبڕکردنی سەرجەم گرفتەکان و سوودوەرگرتن لە دەرفەتەکان. ئامادەبووان جەختیان لەسەر پێویستیی پلانی پەرەپێدانی ژێرخانی نیشتمانی کردەوە، کە هاوتەریب بێت لەگەڵ بەرژەوەندیی قەزاکە و هەرێمی کوردستان. تیشک خستنە سەر کەرتی پیشەسازیی بەرهەمهێن و دەستەبەرکردنی هەلی کار، دەبێتە هەنگاوی سەرەتایی بۆ فەرهەمکردنی خۆشگوزەرانی. چاکسازی لە کوالێتیی دەستی کار و پەرەپێدانی پەروەردەی پیشەیی، بۆ پڕکردنەوەی خواستی بازاڕی کار پێویستن؛ لە هەمان کاتدا پاراستنی ژینگە و سامانە سروشتییەکان لە هەنگاوە گرنگە نیشتمانییەکانن. پێشنیازەکانی کۆنفرانسەکە و ئەو نەخشەڕێگا ستراتیجیەی بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی چەمچەماڵ لە لایەن دامەزراوەی ڤیژنەوە ئامادە کراوە، هاوتەریبن لەگەڵ دیدگای حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٠٣٠، ڕێگای گەشەپێدانی عێراق، ستاندارده جیهانییەکان و ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام.


## تێڕوانینی گشتی

چەمچەماڵ کە دەکەوێتە نێوان هەردوو شاری کەرکووک و سلێمانی، گەشەیەکی ئابووریی بەخۆیەوە بینیوە (CALDERÓN AND SERVÉN)
.(2014). بەڵام سەرەڕای هەبوونی یەدەگێکی زۆری غازی سروشتی، قەزاکە ڕووبەڕووی بێکاریی گەنجان و کەمیی داهات بووەتەوە (McMillan, Rodrik and Verduzco-Gallo, 2014; Fox and Kaul, 2018).
لەبەرئەوە، پێویستی بە پلانێکی تۆکمە هەیە بۆ هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات، گەشەپێدانی ژێرخانی گشتی (Kline and Moretti, 2014; Calderón and Servén, 2014; Kline and Moretti, 2014).

حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی داهات زۆرتر لەئێستادا سەرنجی لەسەر کەرتی نەوتە، لە کاتێکدا بۆ هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و گەشەی ئابووری، پێویستە کار بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ، پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی، پتەوکردنی ژێرخانی ئابووری، ڕاکێشانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکی و کەمکردنەوەی ڕۆتینی کارگێڕی بکات. چەمچەماڵ خاوەنی یەدەگی غازی سروشتی، زەویی کشتوکاڵیی بەپیت و هێزی کاری ڕاهێنراوە، کە ئەمانە هەموویان پاڵنەر ودەرفەتن بۆ دروستکردنی ئابوورییەکی بەردەوام وگەشەسەندوو (World Bank, 2017; Stern, 2017) .

لە ئێستادا هەوڵەکان چڕکراونەتەوە بۆ گەشەپێدانی قەزای چەمچەماڵ، کە چەند هەنگاوێکی ستراتیجی لە خۆ دەگرێت، لەوانە پەرەپێدانی تۆڕەکانی گواستنەوەی مۆدێرن، دابینکردنی سەرچاوەی وزەی جێگیر، باشترکردنی پەیوەندییە دیجیتاڵییەکان، گەشەپێدانی ناوچە کشتوکاڵییەکان و ئامادەکردنی هێزێکی کاری لێهاتوو؛ ئەمەش بە مەبەستی فەراهەمکردنی ناوچەیەکی

ئابووریی گەشەسەندووە، کە لە لایەن بەڕێز قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، دەسەڵاتی خۆجێیی سلێمانی و ئیدارەی قەزای چەمچەماڵەوە پاڵپشتی لێ دەکرێت. پێشبینی دەکرێت چەمچەماڵ تا ساڵی ٢٠٣٥ ببێتە قەزایەکی ئاوەدان کە هەلی کاری زۆر بۆ گەنجان بڕەخسێنێت و وزە، خۆراک و بەرهەمە پیشەسازییەکان بە قەبارەیەکی گەورە دابین بکات و ببێتە مۆدێلێک بۆ گەشەپێدانی بەردەوام.




**وێنە ١. چوارچێوەی گەشەپێدانی یەکگرتوو**

## ئامانجە ستراتیجییەکان

١. پەرەپێدانی هەمەچەشنیی ئابووری و سەرچاوەکانی داهات: لە قەزای چەمچەماڵ لە ڕێگەی وەبەرهێنان لە شەش کەرتی سەرەکی (گواستنەوە، وزە، کشتوکاڵ، پەروەردە و هێزی کار، ژێرخانی دیجیتاڵی، و گەشەپێدانی پیشەسازی)؛ ئەمەش بەگوێرەی دیدگای ٢٠٣٠ و ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام (SDGs).

٢. کاراکردنی میکانیزمی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت (PPPs): هاندانی وەبەرهێنانی تایبەت بۆ ڕەخساندنی دەیان هەزار هەلی کار و دابینکردنی داهات لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا، بە مەبەستی کەمکردنەوەی کۆچی گەنجان.

٣. بەگەڕخستنی سامانە ناوخۆییەکان (غاز، زەوی، مرۆیی): ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی زیادبوونی سەدان ملیۆن دۆلار لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی و ڕاکێشانی وەبەرهێنان بۆ هەر کەرتێک.

٤. هەماهەنگیی نێوان وەزارەتەکان و ئەنجومەنی گەشەپێدانی ناوخۆیی: پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی دۆستانە بۆ وەبەرهێنەران بە مەبەستی زامنکردنی سەرکەوتنی پرۆسەی جێبەجێکردن، شەفافییەت و بەشداریکردنی کۆمەڵگە.

٥. گەشەی ئابووریی فرەلایەن: دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و پاراستنی ژینگەدا.

ئەم نەخشەڕێگا گشتگیرە، چەمچەماڵ دەخاتە پێگەیەکەوە کە ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت لە "گۆڕینی ئەدای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانیی ڕاستەقینە". چەمچەماڵ دەتوانێت کارنامەی نیشتمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو گەشەسەندنی ستراتیجی و پتەوکردنی ژێرخان بەرێت؛ ئەمەش لە ڕێگەی پێشکەشکردنی حوکمڕانییەکی بەهێز و هاوکاریی کەرتی تایبەت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (Asian Development Bank, 2017; Kline and Moretti, 2014) .

لە هەر کەرتێکدا، لێرە بەدواوە شیکاریی سیاسەتەکان، پێشبینییە ئابوورییەکان، ڕێنماییەکانی حوکمڕانی، توێژینەوەی بەراوردکاری و پلانی کارکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەخەینە ڕوو.

## کەرتی گواستنەوەی گشتی: بەستنەوەی چەمچەماڵ بە بازاڕەکانەوە

ژێرخانی گواستنەوەی مۆدێرن بە بڕبڕەی پشتی گەشەسەندنی چەمچەماڵ دادەنرێت بۆ ئاسانکاریی بازرگانی و جووڵەی کاڵا و مرۆیی. هەڵکەوتەی ستراتیجی جوگرافیی چەمچەماڵ لە نێوان شارە سەرەکییەکاندا، وای کردووە وەک ناوەندێکی گواستنەوەی گرنگ بۆ بازرگانی هەژمار بکرێت. بەڵام ئەم ژێرخانە پێویستی بە بونیادنان و نۆژەنکردنەوەی زۆر هەیە، بە شێوەیەک کە هاوتەریب بێت لەگەڵ پلانی گەشەی ئابووریی قەزاکە. هەنگاوە ستراتیجییەکان بریتین لە باشترکردنی پەیوەندیی ڕێگاوبانەکان و ترانزێتی ناوخۆیی، بۆ ئەوەی چەمچەماڵ ببێتە بەشێکی کاریگەر لە تۆڕی گواستنەوەی گەورەتری هەرێمی کوردستان و عێراق؛ ئەمەش تەواو هاوتەریبە لەگەڵ پلانی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## دەستپێشخەرییە سەرەکییەکان بریتین لە:

١. نوێکردنەوەی ڕێگاوبانەکان:

پەرەپێدان و نوێکردنەوەی ڕێگای خێرای (چەمچەماڵ - سلێمانی) و (چەمچەماڵ - کەرکووک) بە ستانداردی دووساید. ئەمە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرچاوی کاتی گەشتکردن و زیادکردنی سەلامەتیی گواستنەوەی کاڵا و سەرنشین لە نێوان چەمچەماڵ و ناوەڕاستی عێراقدا. ئەم هەنگاوە بزوێنەرێکی سەرەکییە بۆ کەمکردنەوەی تێچووی لۆجیستیی بازرگانییە ناوخۆییەکان و بەرزکردنەوەی توانای کێبڕکێ لە بازاڕدا. پێویستە بە هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتە فیدراڵییەکان (تایبەت بە ڕێگای کەرکووک) کار بکرێت بۆ دابینکردنی باشترین دەرفەتی بازرگانی.

٢. ڕێڕەوی پیشەسازیی چەمچەماڵ:

دروستکردنی ڕێڕەوێکی نوێی بازنەیی بۆ بارهەڵگرەکان لە دەوروبەری شارۆچکەی چەمچەماڵ، بە مەبەستی خزمەتکردنی ناوچە پیشەسازییە نوێیەکان. ئەم ڕێگایە بارهەڵگرە قورسەکان لە ناوەندەکانی نیشتەجێبوون دوور دەخاتەوە و جووڵەی کەرەستەی خاو و کاڵا تەواوکراوەکان بەرەو "ناوچەی ئابووریی تایبەتی چەمچەماڵ" ئاسان دەکات (World Bank, 2017).

ئەم ڕێڕەوە دەبێتە ناوەندێکی لۆجیستی بۆ ئەوەی چەمچەماڵ وەک ناوەندی دابەشکردن لەسەر ئاستی پارێزگاکان دەربکەوێت.

٣. ڕێگای گوندنشین و کێڵگەکان:

وەبەرهێنان لە ڕێگاکانی گواستنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، بۆ ئەوەی لە هەموو بارودۆخێکی کەشوهەوادا گوندەکان بە بازاڕەکانەوە ببەسترێنەوە. ئەم ڕێگایانە یارمەتی جووتیاران دەدەن کاڵاکانیان بە ئاسانی بگەیەننە دەستی بەکاربەر، هەروەها دەستڕاگەیشتنی دانیشتووانی گوند بە قوتابخانە و ناوەندە تەندروستییەکان ئاسان دەکات (Asian Development Bank, 2017). ئەمەش گەشەپێدانێکی هاوسەنگ لە نێوان شار و گوند زامن دەکات.

٤. گواستنەوەی گشتی و سەلامەتیی ڕێگاوبان:

دەستپێکردنی خزمەتگوزاریی "پاسی زیرەک" لە نێوان چەمچەماڵ، سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری، بە نرخێکی گونجاو بۆ هاووڵاتییان. جگە لەوەش، جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی سەلامەتی وەک (هێمای هاتووچۆ، ڕووناککردنەوە و پردی پەڕینەوەی پیادە) بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکان. سەبارەت بە پلانی هێڵی شەمەندەفەری (سلێمانی-چەمچەماڵ - کەرکووک)، پێویستە بە لەبەرچاوگرتنی توانای دارایی ئێستا، وەک ئەولەوییەتی قۆناغەکانی داهاتوو سەیری بکرێت و لە ئێستادا جەخت لەسەر چاککردنی ئەو ڕێگاوبانانە بکرێتەوە کە کاریگەریی دەستبەجێیان لەسەر ئابووریی ناوچەکە هەیە.

## کاریگەریی پێشبینیکراو و وەبەرهێنان لە کەرتی گواستنەوەی گشتی

پێشبینی دەکرێت قەبارەی وەبەرهێنانی پێویست لەم کەرتەدا، نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دۆلار بێت بۆ پڕۆژەکانی ڕێگاوبان و گواستنەوە لە ماوەی ٥ ساڵدا. ئەمەش لە ڕێگەی هاوکاریی دارایی حکومەت و پەیڕەوکردنی سیستەمی هاوبەشی (PPP) لەو شوێنانەی گونجاون، بەتایبەت لە بوارەکانی وەرگرتنی ڕەسمی ڕێگا (Toll roads) و وێستگەکانی خزمەتگوزاری.

ئەم وەبەرهێنانە دەبێتە هۆی ڕەخساندنی زیاتر لە ١٠٠٠ هەلی کاری ڕاستەوخۆ لە ماوەیەکی کورتدا، هەروەها هەزاران هەلی کاری ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی چالاککردنی بازرگانیی ئۆنلاین و لۆجیستییەوە دەڕەخسێنێت. پەیوەندییەکی باشتر، ڕێگە بە کارگە و کێڵگەکان دەدات بگەنە بازاڕە گەورەکان؛ ئەمەش قەبارەی بازرگانیی چەمچەماڵ و پشکی قەزاکە لە کەرتی گواستنەوە و بەرهەمی ناوخۆیی بەرز دەکاتەوە.

## گەڕانەوەی سەرمایەی وەبەرهێنان (ROI):

لە ڕێگەی کەمکردنەوەی تێچووی کارکردنی ئۆتۆمبێل و کاتی گەشتکردن، ڕێگا نوێکراوەکان کاریگەر دەبن لە بەرزکردنەوەی بەرهەمی ئابووری و کەمکردنەوەی تێچووی گواستنەوەی بار. ئەزموونەکانی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کەرتی گواستنەوەدا سەلماندوویانە کە ژێرخانی بەهێز چۆن دەبێتە بزوێنەری ئابووری. بەرزبوونەوەی ئاستی گواستنەوە لە چەمچەماڵ، ئاسانکاری دەکات بۆ وەبەرهێنانی نوێ، ڕەوتی گەشتیاری و بازرگانیی نێوان پارێزگاکان، کە قەزاکە بە توندی بە زنجیرە بەهاکانی ناوچەکەوە دەبەستێتەوە.

## کەرتی وزە: بەهێزکردنی گەشەپێدان بە غاز و وزەی نوێبووەوە

چەمچەماڵ یەکێکە لە دەوڵەمەندترین ناوچەکان بە غازی سروشتی؛ کێڵگەکانی غازی ئەم قەزایە وەک گەورەترین یەدەگی غازی سروشتی لەسەر ئاستی عێراق هەژمار دەکرێن. ئەمە خاڵێکی ستراتیجیە بۆ گۆڕینی ئەم سامانە ژێرزەمینییە بۆ خۆشگوزەرانیی سەر زەوی، بە جۆرێک سەرچاوە سروشتییەکانی چەمچەماڵ ببردرێنە ناو بنکەیەکی بەرهەمهێنانی وزە و سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبا و کارگەکان، کە لە ئەنجامدا ئاستی پیشەسازی بەرز دەکاتەوە.

هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی وزە و پەرەپێدانی "تێکەڵەی وزە" (Energy Mix) لە ڕێگەی زۆرترین بەرهەمهێنانی غاز و هاوتەریب یەکخستنی وزەی نوێبووەوە (وەک وزەی خۆر) بەدی دێت. ئامانجی درێژخایەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی وزە و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانە؛ چەمچەماڵ دەتوانێت لەم بوارەدا ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان کە تێیدا وزەی غاز و وزە پاکەکان پێکەوە پەرەیان پێ بدرێت.

## چوارچێوەی سیاسەتی کەرتی وزە لە چەمچەماڵ

### چوارچێوەی سیاسەتی کەرتی وزە بۆ قەزای چەمچەماڵ ئەم خاڵانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

١. کێڵگە غازییەکان وپەرەپێدانی بەرهەمهێنان:

خێراکردنی پرۆسەی گەشەپێدانی کێڵگەی غازی چەمچەماڵ (Stern, 2017). لە پێشینەی کارەکانە. لە ئێستادا کۆمپانیاکانی "دانا غاز" و "هیلال پێترۆلیۆم" (کۆمەڵەی نەوتی مرواری) شانبەشانی بەرهەمهێنانی ئێستا، کار بۆ زیادکردنی دابینکردنی غاز بۆ کێڵگەی کۆرمۆر دەکەن. بە وەبەرهێنانی زیاتر لە ٨٠٠ ملیۆن دۆلار، پرۆژەی فراوانکردنی "KM250" لە ساڵی ٢٠٢٦دا دەبێتە هۆی زیادکردنی ٢٥٠ ملیۆن پێی سێجا غاز لە ڕۆژێکدا، ئەمەش مۆدێلێکی سەرکەوتووی هاوبەشیی کەرتی گشتی و تایبەت (PPP) دەسەلمێنێت.

چاوەڕوان دەکرێت کێڵگەی چەمچەماڵیش بە هەمان میتۆد پەرەی پێ بدرێت. لە "ناوچەی ئابووریی تایبەتی چەمچەماڵ"، دامەزراوەی تایبەت بە پیشەسازیی نەوت وغاز بۆ چالاککردنی پرۆسێسکردن و خزمەتگوزارییەکانی پاڵپشتی دەرهێنان دروست دەکرێن (Bank, 2017World). ئامانج ئەوەیە تا ساڵی ٢٠٣٠، ئەم کێڵگانە نەک تەنها کارەبای ناوخۆیی دابین بکەن، بەڵکو سووتەمەنی بۆ ناوچەکانی تری عێراق و وڵاتانی دراوسێ هەناردە بکەن، کە ئەمەش داهاتێکی زۆر و ئاسایشی وزە بۆ هەرێم دەستەبەر دەکات.

٢. بەرهەمهێنانی کارەبا و متمانەپێکردنی تۆڕەکان:

بەکارهێنانی غازی ناوخۆیی بۆ دابینکردنی کارەبای بەردەوام لە دەڤەری چەمچەماڵ و دەوروبەری ئەولەوییەتە. لە ئێستادا وێستگەی غازی چەمچەماڵ (بە توانای ١٥٠٠ مێگاوات) شانبەشانی وێستگەکانی هەولێر و دهۆک، زیاتر لە ٧٥٪ـی کارەبای هەرێمی کوردستان دابین دەکات.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی پچڕانی کارەبا لە کاتی هەر گرفتێکی تەکنیکی لە بۆرییەکاندا (کە ڕەنگە ببێتە هۆی لەدەستدانی ۲۰۰۰ مێگاوات)، پلانەکە پێشنیازی دروستکردنی بۆریی زیادە (BACKUP) بۆ هێڵی (کۆرمۆر - چەمچەماڵ - هەولێر) و دانانی کۆگای یەدەگی غاز دەکات. هەروەها بونیادنانی وێستگەیەکی کارەبای ۱۰۰ مێگاواتی تایبەت لە ناوچەی ئابووریی چەمچەماڵ، بۆ زامنکردنی وزەی بەردەوام بۆ کارگەکان و گەشەی پیشەسازیی داهاتوو پێویستە.

۳. پیشەسازییە پترۆکیمیاییەکان و وزەی نوێبووەوە:

چەمچەماڵ گونجاوترین ناوچەیە بۆ دامەزراندنی کۆمپلێکسی پترۆکیمیایی (لە ڕێگەی وەبەرهێنانی بیانی یان هاوبەش) بۆ بەرهەمهێنانی ماددە کیمیاییە بەها زیادکراوەکان وەک: (پەیین، یوریا، ئامۆنیا، پلاستیک و مێتانۆل). بەکارهێنانی غاز وەک کەرەستەی خاو لەم پیشەسازییانەدا، سوودێکی گەورە بە کەرتی کشتوکاڵی نیشتمانی دەگەیەنێت و هەزاران هەلی کاری پسپۆڕانە دەڕەخسێنێت.

هاوتەریب لەگەڵ پلانە جیهانییەکانی کەشوهەوا، چەمچەماڵ دەبێتە ناوەندێکی وزەی تێکەڵاو. بەهۆی بەرزیی ئاستی تیشکی خۆر لە ناوچەکە (STERN, 2017). پلانەکە دامەزراندنی کێڵگەی تیشکی خۆر بە توانای ۲۰-۵۰ مێگاوات لەخۆ دەگرێت. ئەمەش پارمەتیدەر دەبێت لە هەمەچەشنکردنی تێکەڵەی وزە (ENERGY MIX) و پاشکەوتکردنی غاز بۆ مەبەستی پیشەسازی و هەناردە. هەروەها پرۆژەی تاقیکاری بۆ "بایۆغاز" (لە پاشماوەی کشتوکاڵی) و وزەی با لە گوندەکاندا جێبەجێ دەکرێت، هاوشێوەی ئەزموونی سەرکەوتووی وڵاتانی وەک ئوردن؛ ئەمەش چەمچەماڵ وەک پاڵپشتێکی سەرەکیی "وزەی سەوز" لە هەرێمی کوردستان دەردەخات. وەبەرهێنان لە پیشەسازییە پترۆکیمیاویەکان جیا لەوەی کە ئاستی بەهەمهێنانی ناوخۆی زیاد دەکات، پاڵنەرێکی بەهێزیشە بۆ ڕەخساندنی سەدان هەلی کار لە ناوچەکە و هەرێمی کوردستان بە گشتی.

## کاریگەریی پێشبینیکراو و وەبەرهێنان لە کەرتی وزە

وەبەرهێنان لە کەرتی وزەدا پێویستی بە سەرمایەیەکی زۆرە؛ پێشبینی دەکرێت بە پاڵپشتیی بەردەوامی کەرتی تایبەت بۆ پرۆژە پێشنیازکراوەکان (وەک کارگە پترۆکیمیاییەکان و کێڵگەکانی وزەی خۆر)، قەبارەی وەبەرهێنان لە ماوەی ٥ بۆ ٧ ساڵدا بگاتە زیاتر لە یەک ملیار دۆلار. کارکردنی بەردەوام لە بواری وزەدا گرەنتییەکی گرنگ دەدات بە وەبەرهێنانی نوێ؛ بۆ نموونە، پرۆژەکانی پەرەپێدانی غاز تا ئێستا نزیکەی ۲۰ هەزار هەلی کاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لە ناوچەکەدا ڕەخساندووە.
سوودی سەرەکیی بەرهەمهێنانی بەردەوامی وزە، ڕاستەوخۆ کاریگەریی دەبێت لەسەر کارکردنی کارگەکان و ناوەندە خزمەتگوزارییەکانی وەک نەخۆشخانە و قوتابخانەکان کە دەتوانن بەبێ مۆلیدەی ئەهلی بەردەوام بن؛ ئەمەش کوالێتیی ژیانی ماڵانی باشتر کردووە. بڕیاری گۆڕینی مۆلیدە دیزڵییە گرانبەها و پیسکەرەکان بۆ کارەبای غازی سروشتی، بووەتە هۆی پاشەکەوتکردنی تێچووی سووتەمەنی و کەمکردنەوەی دەردانی گازی زیانبەخش. تا ئێستا لە ڕێگەی بەکارهێنانی غاز بۆ وێستگەکانی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕی ٤٢ ملیۆن تۆن لە دەردانی $CO^2$ کەم بووەتەوە. دەوڵەمەندی چەمچەماڵ لە سامانی وزە پارمەتیدەرێکی بەهێزە لە دابینکردنی سەرچاوەکانی وزەی کارگەکان و بەدەستخستنی وزە بە نرخێکی کەمتر، ئەمەش کاریگەری ئەرێنی دەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان.

## گەڕانەوەی سەرمایەگوزاری (ROI):

لە ڕووی داراییەوە، تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا بە غاز بۆ هەر کیلۆوات-کاتژمێرێک، زۆر هەرزانترە لە گازۆیل. هەروەها فرۆشتنی بەرهەمە زیادەکانی غاز و پترۆکیمیایی داهاتێکی بەرچاو بۆ هەرێم دابین دەکات. تا ساڵی ۲۰۳۰، چەمچەماڵ دەتوانێت بڕێکی بەرچاو لە هەناردەی کارەبای هەرێم دابین بکات و وزە بکاتە پایەیەکی سەرەکیی ئابووریی ناوخۆیی. ئەم گەشەپێدانە بە ڕێنماییە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییە نێودەوڵەتییەکانەوە بەستراوەتەوە، بۆ ئەوەی کەمترین زیان بە ئاوی ژێر زەوی و ژینگە بگات.

## کەرتی کشتوکاڵ: دروستکردنی سەبەتەی خۆراکی چەمچەماڵ

لە دیدگای حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، کشتوکاڵ بناغەیەکی سەرەکییە بۆ هەمەچەشنکردنی ئابووری و دابینکردنی ئاسایشی خۆراک. دەشتە پان و بەرینەکانی چەمچەماڵ خاوەنی تایبەتمەندییەکن کە دەکرێت وەک "سەبەتەی خۆراکی ناوچەکە" سەیر بکرێن. بەڵام لە چەند دەیەی ڕابردوودا، کشتوکاڵی ناوخۆیی بەهۆی کەمیی ئاو، تەکنیکی کۆنی بەرهەمهێنان و نەبوونی دەستڕاگەیشتن بە بازاڕەکان، بەرەو لاوازی ڕۆیشتووە.

## ئەم پلانە هەوڵ دەدات بۆ بەهێزکردنی کەرتی کشتوکاڵ لە چەمچەماڵ لە ڕێگەی:

١. باشترکردنی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو: بەکارهێنانی سیستەمی ئاودێری مۆدێرن.
٢. تەکنیکە نوێیەکان: بەکارهێنانی ئامێر و شێوازی زانستی نوێ بۆ زیادکردنی بەرهەم.
٣. بازرگانیی کشتوکاڵی (AGRIBUSINESS): بەستنەوەی کێڵگەکان بە کارگەکان و بازاڕە گەورەکانەوە.

ئەم هەنگاوانە یارمەتیدەر دەبن بۆ هێنانەدی بژێوییەکی بەردەوام بۆ جووتیاران و بووژانەوەی ئابووریی گوندەکان.

## پێکهاتە سەرەکییەکانی کەرتی کشتوکاڵ:

١. ژێرخانی ئاو و ئاودێری:

ئاو ڕەگەزی سەرەکیی کشتوکاڵە، بەڵام چەمچەماڵ ڕووبەڕووی کەمیی درێژخایەنی ئاو بووەتەوە (AL-JUMAILY AND AL-TAMIMI, 2025) . کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک وەڵامدانەوەیەک، پڕۆژەیەکی گەورەی ئاوی لە "گۆپتەپە" دەستپێکردووە بۆ دابینکردنی ٣,٤٠٠ م$^3$/کاتژمێر ئاوی پاک بۆ قەزاکە. تا ئێستا ٢٠٪ی پڕۆژەکە تەواو بووە و پێویستی بە ٢٧ ملیۆن دۆلاری تر هەیە بۆ تەواوکردنی. ئەم پڕۆژەیە لە ڕێگەی تۆڕێکی ٥٨ کیلۆمەترییەوە، ئاسایشی ئاوی خواردنەوە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بۆ چەمچەماڵ و دەوروبەری دابین دەکات.

هەروەها پێویستە بەنداوی بچووک و پۆند بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران لە ناوچە بەپیتەکان دروست بکرێن (Al-Jumaily and Al-Tamimi, 2025) 2025حکومەت لە چوارچێوەی ستراتیجی ئاودا ٣٠ بەنداوی نوێی لە کارنامەدایە؛ دەبێت چەمچەماڵ لانی کەم خاوەنی یەک بەنداوی قەبارە مامناوەند بێت بۆ گلدانەوەی ئاوی وەرزی. بە زیادکردنی سیستەمی ئاودێریی دڵۆپاندن، دەکرێت زیاتر لە ١١,٠٠٠ هێکتار زەوی ببێتە بەراو، کە ئەمەش بەرهەم لە هەموو وەرزەکاندا زیاد دەکات.

٢. هەمەچەشنکردنی بەرهەم و تەکنیکی مۆدێرن:

کشتوکاڵ لە چەمچەماڵ زۆرتر لەسەر دانەوێڵە وەستاوە، بەڵام پێویستە بەرەو هەمەچەشنکردنی بەرهەم هەنگاو بنێت. لەگەڵ باشتربوونی سەرچاوەکانی ئاو، دەبێت جووتیاران هان بدرێن بۆ چاندنی سەوزە، میوە، تۆوی ڕۆنی وپەتاتە (Al-Jumaily and Al-Tamimi, 2025) لەگەڵ بەکارهێنانی سیستەمی نوێی وەک "هایدرۆپۆنیک".

حکومەت دەتوانێت ڕاهێنان لەسەر شێوازە پێشکەوتووەکانی بەرەنگاربوونەوەی ئافات و جۆرەکانی تۆوی بەرگەگر پێشکەش بکات. هەروەها دەکرێت سوود لە پسپۆڕانی نێودەوڵەتی (وەک ئوردن یان تورکیا) وەربگیرێت. پەرەپێدانی کەرتی تایبەت بۆ بەکرێدانی ئامێرەکان بە جووتیاران و پەیڕەوکردنی "کشتوکاڵی پاراستن" بۆ ڕێگریکردن لە بیابانبوون، یارمەتیدەر دەبن تا کشتوکاڵ ببێتە پیشەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ گەنجان.

٣. پیشەسازیی کشتوکاڵی و زیادکردنی بەهای بەرهەم:

بۆ زیندووکردنەوەی ئابووریی گوندەکان، پێویستە لە دەرەوەی کێڵگەکان گەشە بکەین و بچینە ناو قۆناغی "پرۆسێسکردن". پێشنیار دەکرێت لە "ناوچەی ئابووریی تایبەت"، پارکێکی پیشەسازیی کشتوکاڵی دروست بکرێت کە کارگەی ئارد، دۆشاوی تەماتە، لەقوتووکردن و شیرەمەنی لەخۆ بگرێت. ئەم کارگانە بازاڕێکی جێگیر بۆ جووتیاران دەستەبەر دەکەن و زیانەکانی دوای دروێنە کەم دەکەنەوە. بۆ نموونە، کارگەیەکی تەماتە دەتوانێت زیاتر لە ٢٠٠ هەلی کار دروست بکات (Calderón and Servén, 2014).
بەخشینی باج و هاوبەشیی (PPP) دەتوانێت وەبەرهێنەری ناوخۆیی و بیانی بۆ ئەم بوارە ڕابکێشێت، هاوتەریب لەگەڵ دروستکردنی کۆگای ساردکەرەوە بۆ گواستنەوەی بەرهەمەکان بۆ شارەکانی تری عێراق.

٤. بەڕێوەبردنی ژینگەیی و پاراستنی زەوی:

وەرگرتنی "ماستەرپلانی کشتوکاڵی" بۆ پاراستنی زەوییە بەپیتەکان لە وەبەرهێنانی بێپلان و گۆڕینی ڕەگەزی خاک پێویستییەکی یاساییە.

٥. پاراستنی ژینگە و دارستانی کشتوکاڵی:

ڕێگریی یاسایی لە پیسکردنی خاک و ئاو لە لایەن پیشەسازییەکانەوە و هاندانی "دارستانی کشتوکاڵی" (چاندنی دار لە سنووری کێڵگەکان) بۆ باشترکردنی کەشوهەوا و زیادکردنی داهات. هەروەها چاودێریکردنی ئاوی ژێر زەوی بۆ ئەوەی زیادەڕەویی تێدا نەکرێت. ئامانجی کۆتایی، بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنانە بە پاراستنی هاوسەنگیی ژینگەییەوە.

کاریگەریی پێشبینیکراو و وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵدا

پێشبینی کەرتی گشتی بڕی (٥٠-٦٠ ملیۆن دۆلار) لە پڕۆژەکانی بەنداو، سیستەمی ئاودێری و خزمەتگوزارییە کشتوکاڵییەکاندا وەبەرهێنان بکات. ئەمە دەبێتە زەمینەخۆشکەر بۆ کەرتی تایبەت تاوەکو بڕی (٣٠-٥٠ ملیۆن دۆلار) لە پیشەسازیی پڕۆسێسکردنی کشتوکاڵیدا وەبەرهێنان بکات. ئەم هەنگاوانە دەبنە هۆی ڕەخساندنی هەزاران هەلی کاری وەرزی و هەمیشەیی؛ چونکە زەوییەکان بە درێژایی ساڵ بەراو دەبن، ئەمە جگە لە سەدان هەلی کار لە زنجیرەکانی دابینکردن و بەبازاڕکردندا. زیادکردنی "بەهای بەرهەم" لە ناوخۆدا، داهاتی جووتیاران بە ڕێژەی ٢٠-٣٠٪ زیاد دەکات.
بەرهەمی ساڵانەی کشتوکاڵی چەمچەماڵ لە ماوەی ١٠ ساڵدا دوو هێندە دەبێت، کە ئەمەش ئاسایشی خۆراک و "خۆژێنی" (SELF-SUFFICIENCY) بەدەست دەهێنێت و پشتبەستن بە هاوردە کەم دەکاتەوە. هەرچەندە گەڕانەوەی سەرمایە لە کشتوکاڵدا خاوترە لە پیشەسازی، بەڵام کاریگەریی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی زۆرترە و دەبێتە هۆی جێگیربوونی دانیشتووانی گوندەکان. ئەم مۆدێلە وەک "گەشەی سەوز" هەژمار دەکرێت کە گەشەی ئابووری و پاراستنی ژینگە پێکەوە گرێ دەدات.

## پەروەردە و پەرەپێدانی هێزی کار: بەهێزکردنی سەرمایەی مرۆیی

### پەروەردە و پەرەپێدانی هێزی کار: بەهێزکردنی سەرمایەی مرۆیی

وەبەرهێنان لە سەرچاوەی مرۆیی، هاوتای وەبەرهێنان لە ژێرخانی فیزیکی گرنگە. چەمچەماڵ خاوەنی هێزێکی گەنجی چالاکە، بەڵام بەشێکی زۆریان کارامەیی پێویستیان بۆ بازاڕی کاری مۆدێرن نییە. بێکاری بەهۆی "لاوازیی کارامەیی " (Skill gap) پەرەی سەندووە، چونکە دەرچووان ناتوانن پێداویستیی پیشەسازییەکان دابین بکەن (Fox and Kaul, 2018) .

## ئامانجی ئەم پلانە، گۆڕینی هێزی گەنجە بۆ بزوێنەری گەشەکردن لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەوە:

١. زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندن:

زانکۆی چەرموو دەکرێت ببێتە چەقی بونیادنانی قەزاکە. پێشنیازی دامەزراندنی "بۆردی گەشەپێدانی چەمچەماڵ" دەکەین لە نێوان (زانکۆ، حکومەتی خۆجێیی و دامەزراوەی ڤیژن). پێویستە بەشە تەکنیکییەکان و سەنتەرەکانی توێژینەوە لە بوارەکانی (ئەندازیاریی پترۆکیمیایی، تەکنەلۆجیای وزەی نوێبووەوە و کارگێڕیی دیجیتاڵی) پەرەیان پێ بدرێت. ئەمەش پشتبەستن بە هێزی کاری بیانی کەم دەکاتەوە و ڕێگری لە "کۆچی دەستەبژێر" (Brain Drain) دەکات.

٢. سەنتەری ڕاهێنانی پیشەیی (TVTC):

داوا دەکرێت "سەنتەری ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی چەمچەماڵ" بە هاوکاریی وەزارەتەکانی (پەروەردە، کار) و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک (UNDP یان GIZ) دامەزرێت. ئەم سەنتەرە خولی کورتخایەن لە بوارەکانی (میکانیکی وزە، بیناسازی، ئایتی و زمانی ئینگلیزی) دەکاتەوە. ئەمە کێشەی بێکاریی دەرچووان چارەسەر دەکات و دەستی کار بۆ کارگە نوێیەکان دابین دەکات.

٣. فەرمانگەی ئاسانکاریی دامەزراندن:

دروستکردنی ناوەندێکی یەکگرتوو (Job Center) کە پەیوەندیی نێوان کارخوازان و وەبەرهێنەران ڕێک بخات. ئەرکی ئەم ناوەندە ئەوەیە دڵنیا بێتەوە کە خەڵکی ناوچەکە نەک تەنها وەک کرێکار، بەڵکو لە پۆستە تەکنیکی و کارگێڕییەکانیشدا لە پڕۆژە نوێیەکاندا دادەمەزرێن. هەروەها جەخت لەسەر بەهێزکردنی ژنان دەکرێتەوە لە ڕێگەی پشتگیریی بازرگانییە بچووکەکان و کارگێڕییەوە.

٤. کوالێتیی خوێندن لە قوتابخانەکان:

پێویستە بودجە بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان و دابینکردنی تاقیگەی زانستی تەرخان بکرێت. پەیڕەوکردنی سیستەمی "ئاڕاستەکردنی پیشەیی" لە قۆناغی ناوەندیدا گرنگە، تاوەکو خوێندکاران بەرەو ئامادەییە پیشەییەکان و پێداویستییەکانی بازاڕی داهاتوو ئاڕاستە بکرێن.

کاریگەریی پێشبینیکراو و وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆییدا

وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆییدا بایەخێکی ستراتیجی هەیە. بودجەی پێشنیارکراو بۆ ئەم کەرتە نزیکەی ١٥-٢٠ ملیۆن دۆلارە لە ماوەی ٥ ساڵدا، کە بۆ دامەزراندنی سەنتەری پیشەیی، پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی زانکۆ و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان تەرخان دەکرێت. ئەم تێچووە بە هاوبەشی لە نێوان حکومەت و بەخشەرە نێودەوڵەتییەکان دابین دەکرێت. هەرچەندە ئەم بودجەیە بە بەراورد بە ژێرخانی گشتی کەمترە، بەڵام کاریگەرییەکەی لە ڕووی گۆڕینی ئاراستەی ئابووریی ناوچەکەوە زۆر گەورەترە.

پێشبینی دەکرێت ڕێژەی بێکاری لە چەمچەماڵ (بەتایبەت لە نێو گەنجان) بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزێت؛ بە جۆرێک پرۆگرامەکانی ڕاهێنان ساڵانە زیاتر لە ٢٠٠٠ دەرچوو ئامادە دەکەن بۆ چوونە ناو بازاڕی کارەوە. ئەم هەنگاوە ڕێگر دەبێت لە چوونەدەرەوەی سەرمایەی ناوخۆیی بۆ کارمەندی بیانی و سووڕی پارە لە ناوخۆی هەرێمدا دەپارێزێت. بەم شێوەیە چەمچەماڵ لە "قەزایەکی پیشەسازی"یەوە دەبێتە "قەزای شارەزایان" و وەک مۆدێلێکی سەرکەوتوو (هاوشێوەی ئەزموونی ئیمارات لە گۆڕینی ئابووری بەرەو تەکنەلۆجیا و داهێنان) دەردەکەوێت.

## ژێرخانی دیجیتاڵی: دروستکردنی شاری زیرەک

پەیوەندیی دیجیتاڵی لە جیهانی ئەمڕۆدا هاوشانی ڕێگاوبان و کارەبا بۆ گەشەی ئابووری گرنگە. پەرەپێدانی چەمچەماڵ پێویستی بە جێگیرکردنی تۆڕە مۆدێرنەکان، ئینتەرنێتی خێرا و یەکخستنی چارەسەرە زیرەکەکان لە حوکمڕانیدا هەیە. ژێرخانی بەهێز دەبێتە هۆی ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بواری تەکنەلۆجیا و دەرفەتی جیهانی بۆ گەنجانی ناوچەکە دەڕەخسێنێت.

## دەستپێشخەرییە سەرەکییەکان بریتین لە:

١. فراوانکردنی باندی ئینتەرنێت (Broadband Expansion):

دڵنیابوون لە گەیاندنی ئینتەرنێتی خێرا بۆ فەرمانگە حکومەییەکان، قوتابخانەکان و ناوچە بازرگانییەکان. کەرتی تایبەت دەتوانێت لە ڕێگەی هاوبەشیی (PPP) پرۆژەی گەیاندنی فایبەر بۆ ماڵان (FTTH) و بەهێزکردنی تۆڕەکانی 4G5/G لە سەرتاسەری قەزاکە و گوندەکاندا جێبەجێ بکات. ئەمە ڕێگە بە خوێندکاران و خاوەنکاران دەدات سوود لە "فێربوونی ئەلیکترۆنی" و "بازرگانیی ئۆنلاین" وەربگرن.

٢. خزمەتگوزاریی حکومەتی دیجیتاڵی (E-Government):

دامەزراندنی پلاتفۆرمێکی دیجیتاڵی بۆ ئیدارەی قەزای چەمچەماڵ تاوەکو هاووڵاتییان بتوانن کارە کارگێڕییەکانیان (وەک تۆماری مەدەنی و مۆڵەتەکان) بە شێوەی ئۆنلاین ئەنجام بدەن. ئەمە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بیرۆکراسی و گەندەڵی. پێشنیاری تاقیگەی "چەمچەماڵی زیرەک" دەکەین بۆ دیجیتاڵکردنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و ڕاهێنانی فەرمانبەران.

٣. بانکی زانیاری و کۆکردنەوەی داتا:

دروستکردنی بانکی زانیاری (Data Bank) بۆ هاوکاریکردنی بڕیاردەران لە داڕشتنی پلانی وردتر. تیمی ئایتیی دامەزراوەی ڤیژن بە هاوکاریی حکومەتی هەرێم دەتوانن ئەم سیستمە پەرە پێ بدەن و ئاسایشی داتاکان بپارێزن.

٤. ناوەندی داهێنان و تەکنەلۆجیا(Innovation Hub) :

دامەزراندنی ناوەندێکی هاوبەشی کارکردن (Co-working Space) لە زانکۆی چەرموو بۆ پشتگیریی ستارتەپەکان و گەنجانی داهێنەر. ئەم ناوەندە ڕاهێنان لە بوارەکانی (کۆدینگ، گرافیک دیزاین و دیجیتاڵ مارکێتینگ) پێشکەش دەکات. دەکرێت سوود لە مۆدێلی "پارکە بازرگانییەکانی ئوردن" وەربگیرێت کە تێیدا پیشەسازیی تەکنەلۆجیا و خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکان بوونە بزوێنەری ئابووری.

## کاریگەریی پێشبینیکراو و وەبەرهێنان لە کەرتی دیجیتاڵیدا

پلانی گەشەی ژێرخانی دیجیتاڵی پێویستی بە وەبەرهێنانێکە کە بە ١٠ بۆ ١٥ ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت. بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانە، دەتوانرێت سوود لە توانای مرۆیی فەرمانگە حکومییەکان وەربگیرێت لە ڕێگەی پێدانی مۆڵەت و هاندان، هەروەها وەک دەستپێک بودجەی تەرخانکراوی حکومەتی هەرێم بۆ "حکومەتی ئەلیکترۆنی" بەکار بهێنرێت. کاریگەریی ئەم کەرتە لەسەر ئابووریی ناوچەکە گەورە دەبێت؛ بۆ نموونە، جووتیاران لە ڕێگەی خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکانەوە زانیاریی وردی نرخەکان وەردەگرن و بە بەکارهێنانی "دراوی ئەلیکترۆنی" و "وێب مارکێتینگ"، ئاستی فرۆشتنی بەرهەمەکانیان گەشە پێ دەدەن.

کەرتی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان (ICT) ڕاستەوخۆ هەلی کار دەڕەخسێنێت و دەبێتە هۆی دامەزراندنی سەدان گەنجی لێهاتوو لە ناوەندی تەکنەلۆجیای چەمچەماڵدا. بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، هەموو کەرتەکان سوودمەند دەبن؛ بەڵگە زانستییەکان دەریانخستووە کە گەشەی دیجیتاڵی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی (GDP) لە ڕێگەی هاندانی داهێنان. گەڕانەوەی سەرمایە (ROI) لەم پرۆژانەدا، لە باشتربوونی حوکمڕانی و پاشەکەوتکردنی کات و پارە بۆ هاووڵاتییاندا دەردەکەوێت. وەک "ئەنجومەنی ئەتڵەسی" ئاماژەی پێ کردووە، هەنگاوەکان بەرەو دەسەڵاتی دیجیتاڵی، ستراتیجیترین ڕێگەیە بۆ خزمەتکردنی چالاکییە بازرگانییەکان و ناساندنی چەمچەماڵ وەک "قەزایەکی زیرەک" و سەرنجڕاکێش بۆ وەبەرهێنەران.

## گەشەپێدانی پیشەسازی: ناوچەی ئابووریی تایبەت و ناوچە پیشەسازییەکان

گەشەپێدانی پیشەسازی بزوێنەری سەرەکییە بۆ گواستنەوەی ئابووریی چەمچەماڵ بۆ ئاستێکی بەرزتر. پێگەی ستراتیجی و هەبوونی سەرچاوەی دەوڵەمەندی سروشتی و مرۆیی، چەمچەماڵ دەکەنە ناوەندێکی پیشەسازی و بازرگانیی گرنگ کە هەرێمی کوردستان بە ناوچەکانی تری عێراقەوە دەبەستێتەوە. لە ئێستادا، قەزاکە وەک ناوچەیەکی ئابووریی تایبەت بۆ پیشەسازیی نەوت و غاز ناسراوە.

## ئەم نەخشەڕێگایە دیدێکی فراوانتر بۆ هەمەچەشنکردنی پیشەسازی دەخاتە ڕوو، لەوانە:

١. دامەزراندنی ناوچە پیشەسازییەکان: بۆ کۆکردنەوەی کارگە جیاوازەکان لە ژێر یەک چەتری خزمەتگوزاریدا.
٢. ڕاکێشانی وەبەرهێنان: هاندانی وەبەرهێنەری ناوخۆیی و بیانی بۆ بونیادنانی کارگەی نوێ.
٣. پشتگیریی کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان (SMEs): بۆ دروستکردنی بنکەیەکی بەهێزی بەرهەمهێنان.

ئەم هەنگاوانە دەبنە هۆی ڕەخساندنی هەلی کاری زۆر، دروستکردنی بەرهەمی "بەها زیادکراو" و کەمکردنەوەی هاوردەکردن، کە ئەمەش تەواو هاوتەریبە لەگەڵ ئامانجە ستراتیجیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## دەستپێشخەری و چوارچێوە سەرەکییەکانی گەشەپێدانی پیشەسازی

### ١. چالاککردنی ناوچەی ئابووریی تایبەتی چەمچەماڵ (SEZ):

ئەم ناوچەیە کە لە ساڵی ٢٠١١دا دامەزراوە، لە ئێستادا زیاتر تیشک دەخاتە سەر کەرتی هایدرۆکاربۆن. پلانەکەمان بریتییە لە گۆڕینی بۆ ناوچەیەکی فرەکەرتی و ڕاکێشانی وەبەرهێنانی جۆراوجۆر. بۆ ئەم مەبەستە، کۆمەڵێک هاندەر پێشکەش دەکرێن وەک: (لێخۆشبوونی باج و گومرگ، خاوەندارێتیی تەواو بۆ وەبەرهێنەری بیانی و دروستکردنی سیستەمی یەک پەنجەرەیی "One-Stop Window"، هاوشێوەی مۆدێلە سەرکەوتووەکانی ئیمارات. هەروەها پێشنیازی دامەزراندنی "دەسەڵاتی ناوچەی ئابووریی چەمچەماڵ" دەکەین بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی پیشەیی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی برەو بە وەبەرهێنان بدات.

## پیشەسازییە ئەولەوییەتەکان بریتین لە:

١. پترۆکیمیایی: سوودوەرگرتن لە سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی غازی سروشتی.
٢. دەرمانسازی: بەرهەمهێنانی دەرمان لە ناوخۆدا بۆ کەمکردنەوەی هاوردە.
٣. کەرەستەی بیناسازی: بەتایبەت چیمەنتۆ و خشت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ئاوەدانکردنەوەی عێراق.
٤. پیشەسازیی خۆراک: وەک پاڵاوگەی ڕۆن و کارگەی ئارد (بەستراوە بە کەرتی کشتوکاڵەوە).

بۆچوونی دابەشبوو لە نێوان کاندیدەکان و پەرلەمانتاران ڕەنگدانەوەی ئەوەیە پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا بۆ وەڵامدانەوەی زانیاری هەڵە ڕێکخراون، بە سیاسەتی دامەزراو، تیمی تایبەتمەند و ئامرازی کاریگەری سەلمێنراو، بەڵام سنووردارە لە هەمان کاتدا، بە شێوەیەک ڕێکخراو نین کە بەردەوام کاریگەر بێت، شەفاف بێت، یان دوور بێت لە کاریگەری مۆدێلی بازرگانی خۆیان کە بەهۆی زۆری بەشداریکردنەوە بەڕێوەدەبرێن.

## ٢. ناوچە پیشەسازییەکان بۆ پڕۆژە بچووک و مامناوەندەکان (SMES):

تیشکخستنە سەر کارگە بچووکەکان وەک بزوێنەری سەرەکیی هەلی کار گرنگە. پێشنیازی دروستکردنی پارکێکی پیشەسازیی مۆدێرن لە دەرەوەی ناوچەی ئابووریی تایبەت دەکەین بۆ پیشەسازییە ناوخۆییەکانی وەک (مۆبیلیات، قوماش، کانزاکاری و وەرشەی چاککردنەوە).


بە پەیڕەوکردنی مۆدێلی ناوچە پیشەسازییە ڕێکخراوەکانی تورکیا (OIZ)، حکومەت ژێرخانی سەرەکی و قوتابخانەی پیشەیی لە ناو پارکەکەدا دابین دەکات، ئەمەش تێچووی دامەزراندنی کۆمپانیاکان کەم دەکاتەوە و بارگرانیی کارگێڕی لادەبات.

## ٣. پیشەسازیی تەکنەلۆجیای بەرز (HIGH-TECH MANUFACTURING):

ئامانجی درێژخایەنمان گواستنەوەی چەمچەماڵە بەرەو "شۆڕشی پیشەسازیی چوارەم" (4IR). ئەمەش لە ڕێگەی کارگەی کۆکردنەوەی پانێڵی خۆر، پارچەی یەدەگی ئۆتۆمبێل و ئامێری کشتوکاڵیی مۆدێرن بەدی دێت. بەهۆی هەرزانیی دەستی کار و دەستڕاگەیشتن بە بازاڕی عێراق، چەمچەماڵ "ئامادەی وەبەرهێنانی" ئاستبەرزە کە سەدان هەلی کاری تەکنیکی بۆ گەنجان دەڕەخسێنێت.

## ٤. هێزی کار و ستانداردە نێودەوڵەتییەکان:

پەرەپێدانی پیشەسازی بەبێ هێزی کاری لێهاتوو مەحاڵە. پلانەکە ڕاهێنانی خەڵکی ناوچەکە لەخۆ دەگرێت بۆ ئەوەی ببنە (سەرپەرشتیاری ئامێر، پشکێنەری کوالێتی و ئەفسەری سەلامەتی). هەروەها پابەندبوون بە یاسا ژینگەییەکان مەرجێکی سەرەکییە؛ هیچ کارگەیەک ڕێگەی پێنادرێت بەبێ سیستەمی چارەسەرکردنی پاشماوە کار بکات. ماستەرپلانێکی ٢٠ ساڵە بۆ ڕێکخستنی ناوچە پیشەسازییەکان و پاراستنی ڕووبەری سەوز جێبەجێ دەکرێت.




وێنەی ٢. شوێنی ستراتیجی چەمچەماڵ لە هەرێمی کوردستانی عێراق

## کاریگەریی پێشبینیکراو و وەبەرهێنان لە کەرتی پیشەسازیدا

پێشبینی دەکرێت کەرتی پیشەسازی زۆرترین قەبارەی وەبەرهێنان ڕابکێشێت، کە بڕەکەی لە نێوان ٣٠٠ بۆ ٥٠٠ ملیۆن دۆلار دەبێت لە ماوەی ١٠ ساڵدا. ئەم بڕە وەبەرهێنانی گشتی (بۆ پەرەپێدانی ژێرخان و خزمەتگوزارییەکان) و وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت (بۆ بونیادنانی کارگەکان) لەخۆ دەگرێت. ئامانجی ستراتیجی ئێمە ڕەخساندنی لانی کەم ١٥,٠٠٠ هەلی کارە لە ناو چەمچەماڵدا.

ئەم پڕۆژانە هەلی کاری هەمەجۆر بۆ هەموو ئاستەکان دەڕەخسێنن؛ لە کرێکاری ئاساییەوە تا ئەندازیار و بەڕێوەبەری باڵا. جگە لە دامەزراندنی ڕاستەوخۆ، هەر کارێکی ناو کارگە دەبێتە هۆی دروستبوونی ٢ بۆ ٣ هەلی کاری ناڕاستەوخۆ لە کەرتەکانی لۆجیستی، گواستنەوە و خزمەتگوزارییە بازرگانییەکاندا.


## بەشداری لە گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی (GDP):

کەرتێکی پیشەسازیی زیندوو، سەرچاوەکانی داهاتی نانەوتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمەچەشن دەکات. بەرهەمەکانی چەمچەماڵ (وەک پۆڵا، مادده کیمیاییەکان و خۆراک) ساڵانە سەدان ملیۆن دۆلار داهات بۆ ئابووریی هەرێم دەگەڕێننەوە. ئەمە نەک هەر هاوسەنگیی بازرگانی باشتر دەکات، بەڵکو دەبێتە هۆی پاراستنی دراوی بیانی لە ڕێگەی کەمکردنەوەی هاوردە و زیادکردنی هەناردە بۆ پارێزگاکانی تری عێراق.


لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، گەڕانەوەی ئەم وەبەرهێنانە (Social ROI) لە کەمبوونەوەی ڕێژەی هەژاری، ڕێگریکردن لە کۆچی گەنجان و بەرزبوونەوەی ئاستی خۆشگوزەرانیی دانیشتوواندا دەردەکەوێت. ئامانجی کۆتایی، دروستکردنی سووڕێکی "خۆژێن"ـی ئابوورییە کە تێیدا سەرچاوەکانی غاز و دەستی کاری ناوخۆیی ببنە بزوێنەری گەشەیەکی بەردەوام.

مۆدێلی ئابووری و دەرئەنجامە پێشبینیکراوەکان بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییە گشتگیرەکانی ئەم نەخشەڕێگایە، پێشبینییەک بۆ کۆی هەموو کەرتەکان دەخەینە ڕوو. ئەم مۆدێلە ئاستی پێویستیی وەبەرهێنان، توانای ڕەخساندنی هەلی کار و گەڕانەوەی دارایی لەخۆ دەگرێت. هەرچەندە سەرکەوتنی ئەم ئامانجانە بەستراوەتەوە بە میکانیزمی جێبەجێکردنەوە، بەڵام ئەم داتایانە بەرچاوڕوونییەکی زانستی و سیستماتیک دەدەنە بڕیاردەران.

هەموو پێشبینییەکان لەسەر بنەمای پێوەرە بەراوردکارییەکانی ناوچەکە و پڕۆژە سەرکەوتووەکانی ڕابردوو داڕێژراون. ئەم پلانە تەنها خەون نییە، بەڵکو ئامانجێکی ستراتیجیە بۆ گۆڕینی ژێرخانی گشتیی قەزای چەمچەماڵ بۆ ناوەندێکی ئابووریی مۆدێرن.




**وێنەی٣. وەبەرهێنانی چاوەڕوانکراوی کەرتی گشتی و تایبەت بەپێی کەرتەکان (٢٠٢٥-٢٠٢٦)**




**وێنەی ٤. دروستکردنی هەلی کار ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی پێشبینیکراوی تایبەت بە کەرتەکان**

| Sector | Major Investments (2025-2030) | Estimated Cost (USD) | Jobs Created (Direct) | Jobs Created (Indirect) | Notable GDP Contributions / Outcomes |
|---|---|---|---|---|---|
| **Transportation** | Highway upgrades, ring road, rural roads, bus system | $100 million | ~1,000 (construction) | ~3,000 (trade & services from improved connectivity) | Lower transport cost boosts local trade; travel time on key routes cut by 50%; enhanced market access increases agricultural and industrial sales by ~20%. |
| **Energy** | Gas field expansion, new power infrastructure, 50MW solar farms, gas-based industry (fertilizer plant) | $800+ million (mostly private) | ~500 (energy facilities) + *up to*2,000 (petrochem complex) | ~5,000 (indirect, via construction and support services) | Continuous 24/7 power supply achieved; 200 MW extra electricity for KRI grid; Chamchamal energy exports (LPG, condensate) generate ~$100M/yr; diesel import substitution saves tens of millions annually. |
| **Agriculture** | Goptapa water project, dam and irrigation network, farm mechanization, agro-processing facilities (mill, cannery, dairy) | $60 million (public) + $40M (private) | ~5,000 (farming jobs revived/created) | ~2,000 (agro-processing & value chain) | Crop yield doubled in irrigated areas; local food processing worth $20M/yr; dependency on imported foods reduced – e.g. Chamchamal flour supplies 15% of KRI market. |
| **Education & Workforce** | TVET center, school upgrades, university programs, job placement services | $20 million | ~200 (trainers, staff) | *Thousands*(skilled graduates entering other sectors) | Human capital uplift: unemployment rate falls from e.g. 15% to <8%; labor productivity rises (better skills). Hard to quantify GDP, but enables other sectors to perform; potentially adds 0.5% to KRI GDP via productivity gains. |
| **Digital Infrastructure** | Fiber network rollout, e-government systems, innovation hub | $12 million | ~100 (IT technicians, telecom) | ~300 (IT startups, digital services) | ~50% of population online (vs <20% now); E-services efficiency saves public & businesses time/cost (valued at ~$5M/yr); new digital businesses add $10M+ to local GDP. |
| **Industrial Development** | SEZ infrastructure, SME industrial park, incentives for factories (capital from investors) | $100 million (public for infra) + $300M (private factories) | ~15,000 (manufacturing direct) | ~30,000 (supporting jobs in supply, logistics, services) | Industrial output from Chamchamal reaches ~$500M/year by 2030; import substitution and exports improve trade balance (potential $100–200M impact); manufacturing's share in regional GDP up significantly |

**خشتەی١. گەشەپێدانی چەمچەماڵ – وەبەرهێنان و دەرەنجامەکان تا ساڵی ٢٠٣٠**

## گەڕانەوەی سەرمایەگوزاری (ROI): شرۆڤەی چۆنایەتی و چەندایەتی

پێشبینی دەکرێت کۆی وەبەرهێنانی پێشنیازکراو لە ماوەی ٥ بۆ ٧ ساڵدا بگاتە ١.١ بۆ ١.٥ ملیار دۆلار. بەشە هەرە گەورەی ئەم سەرمایەیە لە لایەن کەرتی تایبەتەوە (بەتایبەت لە بوارەکانی وزە و پیشەسازی) دابین دەکرێت. وەبەرهێنانی کەرتی گشتی نزیکەی یەک لەسەر سێی ئەم بڕەیە (٣٠٠-٥٠٠ ملیۆن دۆلار)، کە دەکرێت لە ڕێگەی بودجەی حکومەت و پاڵپشتیی بەخشەرە نێودەوڵەتییەکانەوە فەراهەم بکرێت.

## گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکان:

١. هەلی کار: ڕەخساندنی زیاتر لە ٢٥,٠٠٠ هەلی کاری ڕاستەوخۆ و گەیشتن بە کۆی گشتی ٤٠,٠٠٠ بۆ ٥٠,٠٠٠ هەلی کار (بە هەژمارکردنی هەلی کارە ناڕاستەوخۆکان).

٢. گەشەی ئابووری: پێشبینی دەکرێت بەرهەمی ناوخۆیی (GDP) چەمچەماڵ تا ساڵی ٢٠٣٠ دوو هێندە زیاد بکات، ئەمەش ١٪ بۆ ٢٪ بۆ کۆی گشتیی گەشەی ئابووریی هەرێمی کوردستان زیاد دەکات.

## ڕێگاکانی هەڵسەنگاندنی ROI:


١. دارایی: بەهێزکردنی سیستەمی کۆکردنەوەی باج و پێداچوونەوە بە بەخشینەکان، تاوەکو داهاتی بەدەستهاتوو دووبارە لە پەرەپێدانی ژێرخانی گشتیی قەزاکەدا خەرج بکرێتەوە.

٢. کۆمەڵایەتی (Social ROI): وەبەرهێنان لە پەروەردە و تەندروستیدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هەژاری، فەراهەمکردنی یەکسانیی جێندەری و زیادبوونی هیوای گەنجان. ئەمەش سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و ڕێگری لە کۆچکردنی بەهرەمەندەکان مسۆگەر دەکات.

٣. وەبەرهێنەران: بە دابینکردنی زەوی بەپێی ماستەرپلان و پێشکەشکردنی هاندەرە گومرگییەکان، ڕێژەی قازانجی ناوخۆیی (IRR) بۆ وەبەرهێنەران بە ڕێژەی ١٥٪+ زیاد دەکات. چوارچێوەی هاوبەشیی (PPP) مەترسییەکانی وەبەرهێنان کەم دەکاتەوە و چەمچەماڵ دەکاتە ناوچەیەکی سەرنجڕاکێش.

## چوارچێوەی حوکمڕانی و جێبەجێکردن

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە ستراتیجیانە، چەمچەماڵ پێویستی بە سیستمێکی حوکمڕانیی شەفاف و یەکخراو هەیە. ئەمەش لە ڕێگەی هەماهەنگیی نێوان وەزارەتەکان، دامودەزگا ناوخۆییەکان و کەرتی تایبەت بەدی دێت.




**وێنەی ٥. هێڵکاری کاتی جێبەجێکردن و قۆناغبەندی نەخشەڕێگای ستراتیجی گەشەپێدانی چەمچەماڵ ٢٠٢٥–٢٠٣٥**

## پێشنیازە سەرەکییەکان بۆ حوکمڕانیی باش:

١. هەماهەنگیی دامەزراوەیی: دروستکردنی میکانیزمێک بۆ بەستنەوەی پلانەکانی "ئەنجومەنی وەزیران" بە "حکومەتی خۆجێیی" (Top-down & Bottom-up integration).

٢. شەفافیەت و لێپرسینەوە: جێبەجێکردنی پڕۆژەکان لە کاتی دیاریکراودا و بەکارهێنانی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی شەفاف تاوەکو دڵنیایی بدرێتە هاووڵاتییان و وەبەرهێنەران.

٣. یەکگرتنی کەرتەکان: دڵنیابوون لەوەی گەشەی هەر کەرتێک پاڵپشتیی کەرتەکەی تر دەکات؛ بۆ نموونە، کەرتی گواستنەوە خزمەت بە پیشەسازی بکات، و کەرتی پەروەردە هێزی کاری کارامە بۆ کشتوکاڵ و وزە دابین بکات.

بە گشتی، گەشەپێدانی چەمچەماڵ نەک هەر خواستی کۆمەڵایەتییە، بەڵکو پێویستییەکی ئابوورییە. لە ڕێگەی قۆناغبەندیکردنی ورد و کارکردن بەپێی ماستەرپلان، چەمچەماڵ دەبێتە قەزایەکی خۆبەڕێوەبەر لە ڕووی داراییەوە و ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەهێزکردنی ئابووریی هەرێمی کوردستاندا دەگێڕێت.

## میکانیزمی جێبەجێکردن: حوکمڕانیی یەکگرتوو و هەماهەنگیی وەزاری

بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی ئەم نەخشەڕێگایە و تێپەڕاندنی بەربەستە کارگێڕییەکان، ئەم هەنگاوە ستراتیجیە پێشنیاز دەکرێت:

### ١. دامەزراندنی لیژنەی باڵای نێوان وەزارەتەکان -Establishment of a high-level inter ministerial committee:

پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی باڵای هاوبەش لە نێوان وەزارەتەکان و قەزای چەمچەماڵ دابمەزرێنێت.

١. سەرۆکایەتی: بەرپرسێکی باڵا (وەک جێگری سەرۆکوەزیران یان وەزیری پلاندانان).

٢. ئەندامان: نوێنەرانی وەزارەتەکانی (پلاندانان، دارایی، کارەبا، کشتوکاڵ، پیشەسازی و بازرگانی، گواستنەوە، خوێندنی باڵا) لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی و قائیمقامی قەزای چەمچەماڵ.

### ئەرکە سەرەکییەکانی لیژنەکە:

١. چارەسەرکردنی کێشە نێوەندییەکان: یەکلاکردنەوەی خێرای ئەو بابەتانەی لە نێوان وەزارەتەکاندا تداخل دروست دەکەن، وەک (ڕێکخستنی تەرخانکردنی زەوی لە نێوان کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی، یان هاوتەریبکردنی پڕۆژەکانی ڕێگاوبان لەگەڵ هێڵەکانی گواستنەوەی وزە و خزمەتگوزارییەکان).

٢. کەمکردنەوەی ڕۆتین: دوورکەوتنەوە لە بیرۆکراسیی خاو و خێراکردنی پرۆسەی پەسەندکردنی پڕۆژەکان.

٣. چاودێری و هاوتەریبی: دڵنیابوون لەوەی دەستپێشخەرییەکانی ئەم نەخشەڕێگایە لەگەڵ پلانە ستراتیجیەکانی حکومەتی هەرێم (وەک دیدگای ٢٠٣٠) یەکدەگرنەوە، بە پشتبەستن بە ستاندارە نێودەوڵەتییەکانی وەک ئەوانەی (Asian Development Bank, 2017) ئاماژەی پێ کردوون.

## مۆدێلە سەرکەوتووە جیهانییەکان:

ئەم جۆرە لە هەماهەنگی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئەنجامی ئەرێنی هەبووە؛ بۆ نموونە وڵاتی ئوردن یەکەی هاوبەشیی گشتی و تایبەتی (PPP) گواستەوە بۆ ناو نووسینگەی سەرۆکوەزیران بۆ ئەوەی پڕۆژەکانی ژێرخان ببنە ئەولەویەتی باڵای دەوڵەت. بە هەمان شێوە، بەشداریکردنی حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی ئەم لیژنەیەوە، چەمچەماڵ دەخاتە ناو کارنامەی نیشتمانییەوە و وەک مۆدێلێکی سەرکەوتووی حوکمڕانیی باش دەیناسێنێت.

## ٢. بۆردی گەشەپێدانی چەمچەماڵ (ئەنجومەنی ناوخۆیی)
## CouncilChamchamal Development Board Local

لەسەر ئاستی ناوخۆیی، پێویستە "بۆردی گەشەپێدانی چەمچەماڵ" وەک قەوارەیەکی ڕاوێژکاری و هەماهەنگی دابمەزرێنرێت. ئەم بۆردە نوێنەرایەتییەکی گشتگیر لەخۆدەگرێت کە پێکهاتووە لە: ئیدارەی قەزاکە، نوێنەرانی دانیشتووان، کەرتی تایبەت، شارەزایانی تەکنیکی، نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی (وەک دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی)، نوێنەرانی بازرگانی، و ئەکادیمیستەکانی زانکۆی چەرمو.

### ئەرک و بەرپرسیارێتییەکان:

١. ئاسانکاری و ڕاوێژ: خستنەڕووی زانیارییە مەیدانییەکانی واقیعی قەزاکە و دەستنیشانکردنی ئەولەویەتەکانی گەشەپێدان.

٢. بڕیاردانی دەستەجەمعی: دڵنیابوون لەوەی پڕۆژەکان بەپێی پێداویستییە ڕاستەقینەکانی ناوچەکە و لە چوارچێوەی ئامانجە ستراتیجیەکاندا جێبەجێ دەکرێن.

٣. لیژنە پسپۆڕییەکان: بۆردەکە دەتوانێت لیژنەی لاوەکی بۆ کەرتە جیاوازەکان پێکبهێنێت (بۆ نموونە، لیژنەی کشتوکاڵ بە بەشداریی نوێنەری جووتیاران) بۆ قووڵبوونەوە لە کێشە تایبەتەکان.

### گرنگیی بۆردەکە لە حوکمڕانیدا:

ئەم بۆردە وەک میکانیزمێکی کارای "فیدباک" کاردەکات؛ نەک تەنها بۆ چاودێریکردنی ئاراستەی پڕۆژەکان، بەڵکو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی متمانە و دروستکردنی هەستی بەشداریی نیشتمانی لە لایەن دانیشتووانی ناوچەکەوە. زۆر گرنگە ئەم بۆردە خاوەن جۆرێک لە سەربەخۆیی بێت لە بڕیارداندا، تاوەکو تەنها وەک جێبەجێکاری بڕیارە سەرووترەکان نەبێت، بەڵکو بتوانێت بەپێی تایبەتمەندییەکانی چەمچەماڵ نەخشەڕێگاکە ئاراستە بکات. ئەم هەنگاوە دەبێتە گەرەنتیی ئەوەی کە گەشەپێدانەکە لە بنکەوە بۆ سەرەوە (Bottom-up approach) بێت و ڕەگ و ڕیشەی لە ناو واقیعی کۆمەڵگەکەدا هەبێت.

## ٣. چوارچێوەی هاوبەشیی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت (PPP)

زۆربەی پڕۆژە پێشنیازکراوەکان لە کەرتەکانی وزە، پیشەسازی و ژێرخانی ئابووری، پشت بە وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت دەبەستن لە ڕێگەی مۆدێلی هاوبەشیی گشتی و تایبەت (PPP). بۆیە، بەهێزکردنی چوارچێوەی یاسایی و ڕێکخراوەیی ئەم مۆدێلە لە هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی چارەنووسسازە.

## هەنگاوە پێویستەکان بۆ سەرکەوتنی ئەم مۆدێلە:

١. تەواوکردنی چوارچێوەی یاسایی: پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسا و ڕێسایەکی تۆکمە بۆ (PPP) پەسەند بکات، کە تێیدا بە ڕوونی باس لە چۆنیەتی هاوبەشکردنی مەترسییەکان (Risk Sharing)، میکانیزمی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و جۆری پشتگیرییەکانی حکومەت بۆ وەبەرهێنەران بکرێت.

٢. دامەزراندنی یەکەی پسپۆڕ (PPP Unit):

پێشنیاز دەکەین یەکەیەکی تایبەتمەند لە ناو "دەستەی وەبەرهێنان" دروست بکرێت. ئەرکی ئەم یەکەیە کۆکردنەوەی پڕۆژەکانی چەمچەماڵ و ئامادەکردنیانە بە شێوەی پاکێجی شەفاف بۆ تەندەرکردن. ئەم یەکەیە دەتوانێت هاوکاریی ڕاوێژکارە نێودەوڵەتییەکان بکات بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی ئیمکانیات (Feasibility Studies) بۆ پڕۆژە گەورەکانی وەک کێڵگەی خۆری چەمچەماڵ یان پارکە پیشەسازییەکان.

## متمانە و کێبڕکێ:

لە ڕوانگەی حوکمڕانییەوە، پێویستە هەموو گرێبەستەکان لە ڕێگەی کێبڕکێیەکی ئاشکرا و شەفافەوە پێشکەش بکرێن. ئەمە نەک هەر متمانە لای وەبەرهێنەرانی نێودەوڵەتی دروست دەکات، بەڵکو ڕێگری لە لایەنگری و گەندەڵی دەکات.

## نموونەی سەرکەوتوو:

وڵاتی ئوردن نموونەیەکی گونجاوە، کە لە ڕێگەی دەرکردنی یاسای PPP و دامەزراندنی دەزگایەکی پسپۆڕ، توانی پڕۆژەی گەورەی وەک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی و وێستگەکانی وزەی نوێبووەوە بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکات. چەمچەماڵ دەتوانێت ببێتە وێستگەی دەستپێکی ئەم میکانیزمە نوێیە لە هەرێمی کوردستان، و بیسەلمێنێت کە هاوبەشیی ڕاستەقینە دەبێتە هۆی دابینکردنی ژێرخانی کوالیتی بەرز بەبێ بارگرانی دارایی بۆ سەر بودجەی گشتی.

## هەنگاوە پێویستەکان بۆ گەشتن بە ئامانجێکی سەرکەوتوو:

١. چاکسازیی ڕێکخراوەیی و ژینگەی وەبەرهێنان

بۆ بونیادنانی ژینگەیەکی لەبار بۆ وەبەرهێنان لە قەزای چەمچەماڵ، پێویستە چاکسازیی ڕیشەیی لە ڕێکارە کارگێڕی و یاساییەکاندا بکرێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بۆ هەموارکردنەوەی یاساکانی وەبەرهێنان دەکات بە ئاراستەی بەرزکردنەوەی متمانەی وەبەرهێنەران، دابینکردنی زەوی بە شێوەی بەکرێدانی درێژخایەن لە ناوچە ستراتیجییەکان، و فەراهەمکردنی پاراستنی یاسایی تەواو بۆ سەرمایەگوزارەکان.

## هەنگاوە کردەییەکان بۆ باشترکردنی ژینگەی کار:

-شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان: هاوشێوەی ئەزموونی تورکیا لە بەڕێوەبردنی ناوچە پیشەسازییەکان، پێویستە دەسەڵاتی دارایی و کارگێڕی شۆڕبکرێتەوە بۆ فەرمانگەکانی قەزای چەمچەماڵ. ئامانج لێرەدا پەیڕەوکردنی سیستەمی شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکانە بۆ وەبەرهێنەران، تاوەکو بتوانن مۆڵەتەکانی (تەلارسازی، پیشەسازی و ڕێگەپێدانی ژینگەیی) لە یەک شوێندا و لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا تەواو بکەن، نەک چەند مانگێک.

-سەروەریی یاسا و چارەسەری ناکۆکییەکان: پەرەپێدانی میکانیزمی جێبەجێکردنی گرێبەستەکان و دامەزراندنی ناوەندی ناوبژیوانی یان دادگای ئابووریی پسپۆڕ، متمانەی وەبەرهێنەران بە سیستمەکە زیاد دەکات.

-شەفافیەت و دژە گەندەڵی: پەیڕەوکردنی سیستەمی تەندەرینی ئاشکرا و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی خولی بۆ ڕای گشتی، گەرەنتییەکی بەهێز دەبێت بۆ بەخشەرە نێودەوڵەتییەکان و وەبەرهێنەرانی کەرتی تایبەت.

## نموونەی پێشەنگ:

وڵاتی ئیمارات بەهۆی پەیڕەوکردنی بەرزترین ستانداردەکانی حوکمڕانی و ئاسانکاریی بازرگانی، توانیویەتی ببێتە ناوەندێکی جیهانیی وەبەرهێنان. چەمچەماڵیش پێویستە هاوشێوەی ئەو ستانداردانە لەسەر ئاستی ناوخۆیی جێبەجێ بکات تاوەکو ببێتە جەمسەرێکی سەرنجڕاکێش بۆ سەرمایە و داهێنان.

## هەماهەنگیی حوکمڕانیی دارایی و بودجە:

دابینکردنی سەرمایە بۆ ئەم نەخشەڕێگایە پێویستی بە ستراتیجەکی فرەڕەهەند هەیە کە سێ سەرچاوەی سەرەکی کۆبکاتەوە: بودجەی گشتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت، و پاڵپشتیی بەخشەر و دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان.

## ٢.دامەزراندنی سندوقی گەشەپێدانی چەمچەماڵ
## :ESTABLISHMENT OF THE CHAMCHAMAL DEVELOPMENT FUND

پێشنیاز دەکەین سندوقێکی تایبەت بۆ کۆکردنەوە و بەڕێوەبردنی دارایی پڕۆژەکان دابمەزرێت. ئەم سندوقە وەک ناوەندێکی دارایی کار دەکات بۆ وەرگرتنی بودجە، قەرز و یارمەتییە نێودەوڵەتییەکان و دابەشکردنیان بە شێوەیەکی سیستماتیک بەسەر کەرتەکاندا. ئەم میکانیزمە ڕێگری دەکات لە دروستبوونی بۆشایی دارایی و گەرەنتیی هاوسەنگیی گەشەپێدان دەکات، بە مەرجێک لەژێر وردبینی و سەرپەرشتیی لیژنەیەکی پسپۆڕدا بێت.

## ڕاکێشانی پشتگیریی نێودەوڵەتی:

چوارچێوەدان بە چەمچەماڵ وەک "پایتەختی ئەنفال" کە ئێستا بەرەو گەشەسەندنی ئابووری هەنگاو دەنێت، چیرۆکێکی قایلکەرە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ڕێکخراوەکانی وەک (بانکی جیهانی، JICA، USAID و سندوقەکانی کەنداو). ئەم لایەنانە دەتوانن دارایی پێویست بۆ کەرتە خزمەتگوزارییەکانی وەک (ڕاهێنانی پیشەیی، ئاو، و وزەی نوێبووەوە) دابین بکەن. هەبوونی پلانێکی زانستی و میکانیزمێکی حوکمڕانیی شەفاف، متمانەی ئەم بەخشەرانە بۆ تەرخانکردنی بودجە بەدەستدەهێنێت.

## مۆدێلی دارایی تێکەڵاو Mixed Financial Model:

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەری کورتهێنانی بودجەی گشتی، پێویستە مۆدێلی "دارایی تێکەڵاو" پەیڕەو بکرێت. ئەم مۆدێلە سوود لە بودجەی حکومەت وەردەگرێت وەک هاندەر (Incentive) بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی زیاتری کەرتی تایبەت، هاوشێوەی ئەو ئەزموونەی لە هەندێک پڕۆژەی (PPP) لە ئوردن سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

بۆ دەستەبەرکردنی بەردەوامیی ئەم پرۆسەیە، پێویستە ڕاپۆرتی دارایی و پێشکەوتنی پڕۆژەکان بە بەردەوامی پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان بکرێت، تاوەکو شەفافیەت و متمانەی نیشتمانی بۆ پڕۆژەکە پارێزراو بێت.

## ٣. چاودێری، هەڵسەنگاندن و شەفافیەت (M&E)

بۆ دڵنیابوون لە سەرکەوتنی هەر دەستپێشخەرییەک کە لەم نەخشەڕێگایەدا هاتووە، پێویستە چوارچێوەیەکی تۆکمەی چاودێری و هەڵسەنگاندن (M & E) پەیڕەو بکرێت. ئەم پرۆسەیە لە ڕێگەی دیاریکردنی نیشاندەرە سەرەکییەکانی ئەدای کارکردن (KPIs) ئەنجام دەدرێت لە کەرتە جیاوازەکان بۆ نموونە:

١. کەرتی ژێرخان: چەند کیلۆمەتر ڕێگا بونیاد نراوە و چەند مێگاوات کارەبا زیاد کراوە.
٢. کەرتی کشتوکاڵ: ڕێژەی ئەو زەوییانەی کراونەتە بەراو.
٣. کەرتی مرۆیی: ژمارەی ئەو دەرچووانەی دوای خولی ڕاهێنان چوونەتە ناو بازاڕی کارەوە.

## بەڕێوەبردنی زیرەک و چارەسەری کێشەکان:

"بۆردی گەشەپێدانی چەمچەماڵ" بەرپرسیار دەبێت لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی خولی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان. پێشنیاز دەکەین داشبۆردێکی دیجیتاڵی دابمەزرێت کە دۆخی بەرەوپێشچوونی پڕۆژەکان بە ساتوەخت نیشان بدات. ئەگەر پڕۆژەیەک لە خشتەی کاتیی خۆی دواکەوت، لیژنەی بەڕێوەبردن دەبێت دەسەڵاتی دەستوەردانی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگەکان، چ لە ڕێگەی گۆڕینی شێوازی کارکردن یان دووبارە تەرخانکردنەوەی سەرچاوەکان.

## شەفافیەت وەک بنەمای متمانە:

شەفافیەت کلیلی بەدەستهێنانی پشتگیریی جەماوەری و ڕاکێشانی وەبەرهێنەرە. پێویستە لەڕێگەی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی و میدیاکانەوە، ڕای گشتی لە وردەکاریی خەرجیی بودجە و قۆناغەکانی جێبەجێکردن ئاگادار بکرێتەوە. ئەم کرانەوەیە نەک هەر دڵەڕاوکێ لای هاووڵاتییان دەڕەوێنێتەوە، بەڵکو متمانەی بەخشەرە نێودەوڵەتییەکانیش بە سیستەمەکە زیاد دەکات.

پوختەی کۆتایی: یەکگرتنی ستراتیج و جێبەجێکردن.

## ئەم ڕاسپاردانەی حوکمڕانی دڵنیایی دەدەن کە ئەم نەخشەڕێگایە تەنها وەک مەرکەبێکی سەر کاغەز نامێنێتەوە، بەڵکو دەبێتە پڕۆژەیەکی نیشتمانیی یەکگرتوو. بە سوودوەرگرتن لە مۆدێلە سەرکەوتووەکانی جیهان:

١. ئوردن: لە هاودەنگیی وێستگەکانی PPP.
٢. تورکیا: لە مۆدێلی "شۆڕکردنەوەی دەسەڵات" بۆ ناوچە پیشەسازییەکان.
٣. ئیمارات: لە ڕەخساندنی ژینگەیەکی دۆستی وەبەرهێنەر.

چەمچەماڵ، وەک "پایتەختی ئەنفال"، شایستەی ئەوەیە ببێتە پێشەنگی چاکسازی و حوکمڕانیی باش لە هەرێمی کوردستاندا. هیواداریین ئەم ئەزموونە ببێتە مۆدێلێکی سەرکەوتوو کە دواتر لە قەزاکانی تریش بەپێی تایبەتمەندیی ناوچەکانیان پەیڕەو بکرێت.

## کەیسی بەراوردکاری و وانە لە وڵاتە جیاوازەکانەوە:

خەونی گەشەپێدانی چەمچەماڵ تەنها داواکارییەکی ناوخۆیی نییە، بەڵکو هاوتەریبە لەگەڵ ڕەوتە جیهانییەکانی گەشەپێدان. بە خوێندنەوەی ئەزموونی وڵاتانی وەک (ئیمارات، ئوردن و تورکیا)، زۆر زیاتر فێر دەبین و دەتوانین مۆدێلی سەرکەوتوو بەپێی چوارچێوەی تایبەتی چەمچەماڵ بگونجێنین. ئەم تێڕوانینە بەراوردکارییانە هەم پاڵنەرن و هەم ئەو ڕێگایانە پشتڕاست دەکەنەوە کە لێرەدا گیراونەتەبەر؛ ئەمەش ئەوە دەردەخات کە گۆڕانکاریی ئەرێنیی خێرا دەتوانێت بە حوکمڕانیی دروست بهێنرێتە دی.

## ئیمارات – هەمەچەشنکردن و پەرەپێدانی ناوچەی ئازاد:

ئیمارات تەنها لە چەند دەیەیەکدا لە ئابوورییەکی بیابانیی وابەستە بە نەوتەوە گۆڕاوە بۆ ناوەندێکی بازرگانیی جیهانیی هەمەچەشن؛ ئێستا نزیکەی ٣٠٪ی G.D.P لە کەرتە نانەوتییەکانەوەیە. ناوچە ئازادەکان هۆکارێکی سەرەکی بوون: زیاتر لە ٤٠ ناوچەی ئازاد خاوەندارێتیی ١٠٠٪، سوودی باج، خزمەتگوزارییەکان و پلەی تایبەتیان بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی دابین دەکرد(2025) Krzymowski. بۆ نموونە، ناوچەی ئازادی جەبەل عەلی لە دوبەی، کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و بازرگانی ڕادەکێشێت و سوود لە بەندەر و ژێرخانی گواستنەوەی ئاست بەرزی وڵاتەکە وەردەگرن Elnagar and Elnagar (2024).

## وانە بۆ چەمچەماڵ:

دامەزراندنی ناوچەی پیشەسازی لە چەمچەماڵ بە هاندانێکی گەورە و ئاسانکاریی بازرگانی، دەتوانێت چەندین پیشەسازیی جیاواز بۆ خۆی ڕابکێشێت. هەرچەندە قەبارەی چەمچەماڵ لەوە کەمترە، بەڵام پرەنسیپەکە ئەوەیە کە دەبێت پاڵپشتیی وەبەرهێنەران و بازرگانەکان لە ڕێگەی (کەمکردنەوەی باج و ڕسوومات لەسەر پڕۆژە تازەکانی قەزاکە، خزمەتگوزاریی یەک پەنجەرە) ئەنجام بدرێت؛ ئەمەش دەبێتە پاڵنەر بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەران. جەختکردنەوەکانی ئیمارات لەسەر لۆجیستیک (هێڵە ئاسمانییەکان، بەندەرەکان) بۆ ئاسانکاریی بازرگانی، هەنگاوێکی گرنگە. هەرچەندە چەمچەماڵ سنووری دەریایی نییە، بەڵام ڕێگەی وشکانیی بەرفراوانی هەیە کە دەکرێت سوودی لێ ببینرێت بۆ دروستکردنی ناوەندێکی لۆجیستی بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق.

هەروەها جەختکردنەوەی ئیمارات لەسەر داهێنان و گەنجان (لە ڕێگەی دەستپێشخەرییەکانی وەک ستراتیجی 4IR و بەرنامەکانی سەرکردایەتیی گەنجان) دەبێتە پێشخان بۆ وەبەرهێنانە پێشوەختەکان لە تەکنەلۆجیا و سەرمایەی مرۆیی لە چەمچەماڵ لە ڕێگەی Tech Hub. لە کۆتاییدا، ئیمارات نموونەی ئەوە دەخاتە ڕوو کە چۆن دیدگا و حوکمڕانیی ئاستی باڵا (سیاسەتی سەقامگیر، دژە گەندەڵی، کارایی لە حکومەتدا) یارمەتیدەرە بۆ بنیادنانی ژینگەیەک کە سەرمایەی گەورە و بەهرەمەندە باڵاکان ڕابکێشێت. دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی قەزای چەمچەماڵ دەتوانن پاڵپشت بن بۆ پەرەپێدانی بەردەوام و دیار، وەک حوکمڕانیی ئەلیکترۆنی، کە گرنگیی ڕۆتینی ئیداری کەمدەکاتەوە.

## شانشینی هاشمیی ئوردن – PPP و پسپۆڕی:

ئوردن بەهۆی ئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی سروشتیی بەرچاوی نەبوو، تەنها سەرنجی لەسەر بەکارهێنانی سەرمایەی مرۆیی و شوێنی ستراتیجی بوو؛ بۆیە پەنای بردە بەر هاوبەشیی کەرتی گشتی و تایبەتی وەک ڕێگەیەک بۆ هاوبەشە حکومی و تایبەتەکان(2025) Qwader and Al Sharif. سەرکەوتنە دیارەکان بریتی بوون لە فراوانکردنی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی شاژن عەلیا (لە ڕێگەی PPP) و چەندین پڕۆژەی وزەی نوێبووەوە. ئوردن تا ساڵی ٢٠٢٠ گەیشتبووە ئامانجی ١٠٪ی وزەی نوێبووەوە وزۆربەیان کێڵگەی خۆر و بای تایبەت بوون کە دروست کرابوون . Almahasnah (2024).

ئوردن خاوەنی چەندین ناوچەی پیشەسازیی شایستەیە (QIZ) کە لە ڕێگەی پەیماننامە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکانەوە دامەزراون و بوونەتە هۆی بووژانەوەی بەرهەمهێنانی قوماش و هەزاران هەلی کاریان دروست کردووە. هەروەها ئوردن بودجەی ڕژاندە ناو پەروەردە و تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندی، کۆی بەهرەمەندە تەکنەلۆجییەکانی عەرەبی و ستارتاپەکانی دروست کرد (بۆ نموونە مەکتووب کە لەلایەن یاهووەوە کڕدرایەوە).

## وانە بۆ چەمچەماڵ:

پەیڕەوکردنی سیستەمی وەبەرهێنان بە شێوازی PPP زۆرترین کاریگەری دەبێت. ئوردن میکانیزمێکی PPPی پەرەپێدا و تەنانەت دامەزراوەیەکی تایبەت بە پڕۆژەکانی دامەزراند بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پڕۆژەکان. چەمچەماڵ دەتوانێت سوود لەم هەنگاوە وەربگرێت لە ڕێگەی پڕۆژەی (وەک کێڵگەی خۆر یان وێستگەی پاککردنەوەی ئاو) و دواتر تەندەریان بکات بۆ وەبەرهێنەرانی نێودەوڵەتی؛ ئەمەش تێچووی گشتی کەمدەکاتەوە.

گرنگیی توانای بڕیاردانی حکومەت کاریگەر دەبێت؛ هەروەها وەک تێبینییەک، ئوردن یەکەی وەبەرهێنانی گواستەوە بۆ ئۆفیسی سەرۆکوەزیران و یاسایەکی نوێی دەرکرد بۆ دڵنیابوون لە پشتیوانیی سیاسی و چاودێریکردنی دروست. بە هەمان شێوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێز دروست بکات بۆ زیاترکردنی پڕۆژەکانی سیستەمی PPP لە چەمچەماڵ. وانەیەکی هاوشێوە بریتییە لە گرنگیدان بە سێکتەرەکان؛ ئوردن سوودی لە خاڵە بەهێزەکانی وەرگرتووە بۆ دروستکردنی شوێنی تایبەت لە کانگاکانی فۆسفات و سماد و گەشتیاری. پێگەی چەمچەماڵ دەتوانێت بۆ پترۆکیمیایی و پیشەسازیی کشتوکاڵی بێت (بە پاساوی توانای بەرهەمهێنانی غاز و سەرچاوەی کشتوکاڵیی بەهێز).

### هەروەها توانای ئوردن بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی بەخشەرەکان بۆ پشتگیریکردن لە چاکسازییەکانی گرنگە:

ئەگەر پلانەکەی چەمچەماڵ بە باشی بەڕێوەبچێت و کاریگەر بێت، هاوبەشە بیانییەکان (USAID، یەکێتیی ئەورووپا، سندوقی عەرەبی و هتد) ئەگەری زۆرە پشتگیری بکەن، بە هەمان شێوە چۆن پشتگیری لە پڕۆژەکانی گەشەپێدان لە ئوردن دەکەن.

لە کۆتاییدا، ئوردن گرنگیی نوێنەرایەتیی هێزی کاری ژنان نیشان دەدات و لە ڕێگەی کۆمپانیای گەشەپێدانی کارەکانی ئوردن، بەرنامەکانی کۆمپانیای بچووک و مامناوەند هاوکاری پێشکەش بە خاوەنکارەکان دەکەن، لەگەڵ بەشداریکردنی ژنان کە بەرەوپێش دەچێت، بەتایبەتی لە کەرتەکانی وەک قوماش و خزمەتگوزارییەکان. چەمچەماڵ دەبێت ئەم جۆرە لە هەنگاوە گشتگیرانە وەربگرێت (هاوشێوەی ئەوەی لە پلانەکانی پەرەپێدانی هێزی کاردا دەیبینین) بۆ ئەوەی کارایی لە بەکارهێنانی هێزی کاردا زیاد بکات و بخرێنە سەر کار.

## کۆماری تورکیا – ژێرخان و سیاسەتی پیشەسازی:

گەشەی تورکیا، بە تایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوودا، ئاماژەیە بۆ وەبەرهێنانی لە ژێرخانی گشتی و چالاککردنی کەرتی پیشەسازی. تورکیا تۆڕی گەورەی ڕێگاوبان و پرد و هەروەها پەیوەندیی شەمەندەفەری خێرا لە نێوان ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ بە قەبارەیەکی بەرفراوان دروست کرد، بۆ ئەوەی پەیوەندیی نێوان بازاڕەکان دروست بکات (Pamuk (2024.

لە ناوچە کەم گەشەسەندووەکاندا (بۆ نموونە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ)، پرۆژەی (GAP)ی بەنداو و ئاودێری کە دەوڵەتی تورکیا دروستی کردبوو، کشتوکاڵ و دابینکردنی کارەبای گۆڕی. لە هەمان کاتدا تورکیا ناوچەی پیشەسازیی ڕێکخراو (OIZs)ی لەسەر ئاستی پارێزگاکان دروست کرد، کە پیشەسازیی پلان بۆداڕێژراون لەگەڵ ئاسانکاری و هاندان. بەپێی یاسا، تەنانەت دەتوانن قوتابخانەی پیشەیی لە شوێنی کارەکەدا دابمەزرێنن و بەپێی دابونەریتی ناوچەیی بێت(Aydın (2025 . ئەمەش یارمەتیدەر بوو لە بنیاتنانی شارە گرنگەکانی تورکیا وەک (کایسری، غازی عەنتاب و هتد) کە پایتەختی هەناردەکردنن.

## وانە بۆ چەمچەماڵ:

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکان بۆ گەشەکردنی ستراتیجی تورکیا، ئەوە بوو کە تەنها سەرنجی لەسەر ئەستەنبوڵ نەبوو، بەڵکو وەبەرهێنانی لە پارێزگاکاندا کرد بە پێدانی ناوچەی پیشەسازی و پاڵپشتی. چەمچەماڵ وەک قەزایەک دەتوانێت سوود لەو مۆدێلە ببینێت وەک پێوەرێک بۆ گەشەکردن: ناوچەیەکی پیشەسازیی خزمەتگوزاری + بەستنەوەی ڕێگاوبانەکان = ناوەندێکی نوێی بەرهەمهێنان.

ناوچە پیشەسازییە تایبەتە نوێیەکانی تورکیا کە ٤٩ هەزار هەلی کار بەرهەم دەهێنن و زیاتر لە ٣.٧ ملیار دۆلاری ئەمریکی وەبەرهێنان دەکەن، کاریگەریی دامەزراندنی ئەم ناوچانە پاڵپشتە بۆ ئامانجەکانی نەخشەڕێگاکەمان بۆ قەزای چەمچەماڵ. سەرەڕای ئەوەش، پلانی تورکیا بۆ کەمکردنەوەی ئاستی ڕۆتین و بیرۆکراسی بۆ ئەم مەبەستە (نوێنەرایەتیی وەزارەتە تایبەتمەندەکان لە ڕێگەدان بە کارە بازرگانی و وەبەرهێنان لە ناوچە تایبەتەکاندا) و گرنگیدان بە پیشەسازییە بەنرخەکان (هاندانەکانی حکومەتی نوێ بۆ تەکنەلۆجیای بەرز و جێگرەوەی هاوردەکردن) ڕاستەوخۆ بەسوودە بۆ پلانی چەمچەماڵ؛ بەتایبەت بۆ کەرتە ئاستبەرزەکان وەک (پترۆکیمیاوی) کە لە پێشنیازە سەرەکییەکانی نەخشەڕێگاکەیە.

وانەیەکی دیکە بریتییە لە ئاراستەکردنی هەناردەکردن: تورکیا زۆر پشتگیریی هەناردەکارانی دەکات (قەرزەکانی هەناردەکردن، پەیوەندییە بازرگانییەکان). پێویستە داوا لە پیشەسازییەکانی چەمچەماڵ بکرێت کە نەک تەنها بۆ خواستی ناوخۆیی، بەڵکو بۆ هەناردەکردن بۆ عێراقی فیدراڵ و هەروەها بازاڕەکانی ناوچەکە کار بکەن. بۆ نموونە، ئەو بەرهەمانەی لە چەمچەماڵ دروست دەکرێن دەتوانرێت لە سەرانسەری وڵاتدا بفرۆشرێن، یان هەناردەی وڵاتانی دراوسێ بکرێن، چونکە کۆمپانیا بچووک و ناوەندەکانی تورکیا بەم شێوەیە بوون بە دابینکەری نیشتمانی.

لە کۆتاییدا، باشترین پراکتیزە کە ئێمە لە پلانی چەمچەماڵدا بنیادمان ناوە (وەک خوێندنی پیشەیی پەیوەست بە پیشەسازییەوە)، لە تورکیادا بریتییە لە وەبەرهێنان لە پەروەردەی پیشەیی (بۆ نموونە، بە ڕێگەدان بە OIZ بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانە پیشەییەکان بە پشتیوانیی حکومەت) کە ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە پێداویستیی پیشەسازییەوە.

١. ئەنجومەنی وەزیران:

- بەفەرمیکردنی "لیژنەی بەڕێوەبردنی گەشەپێدانی چەمچەماڵ" (بڕوانە بەشی حوکمڕانی) لە ماوەی ٣ مانگدا.

- دابینکردنی بودجەی ساڵانە بۆ ژێرخانە گرنگەکان (ڕێگاوبان، ئاو، پەروەردە) لە ساڵی دارایی ٢٠٢٦ەوە.

٢. وەزارەتی دارایی:

- دابینکردنی بودجەی پێویست (بۆ نموونە: تەرخانکردنی ١١٤ ملیار دینار بۆ پڕۆژەی ئاوی گۆپتەپە و نوێکردنەوەی ڕێگاوبانەکان).

- دامەزراندنی میکانیزمی "سندوقی گەشەپێدانی چەمچەماڵ".

- هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان بۆ پەرەپێدانی گەرەنتییە سەروەرییەکان بۆ پڕۆژەکانی PPP (بەپێی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران)؛ ئەمەش بۆ دەستەبەرکردنی شەفافیەت لە خەرجییەکان و خستنەژێر چاودێریی وردی دارایی.

٣. وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبون:

- ئامادەکردنی دیزاینی ئەندازیاری بۆ نوێکردنەوەی ڕێگای (چەمچەماڵ - سلێمانی) و (چەمچەماڵ - کەرکوک) لە ماوەی ٦ مانگدا و ڕاگەیاندنی تەندەرەکان بە شێوەی قۆناغبەندی.

- داڕشتنی پلان و تەندەر بۆ پڕۆژەی ڕێگای بازنەیی و ڕێڕەوی بارهەڵگرەکانی چەمچەماڵ.

- ئامانج بۆ ساڵی ٢٠٢٦: دەستپێکردنی لانیکەم یەک پڕۆژەی ستراتیجی ڕێگاوبان.

- هەماهەنگی لەگەڵ شارەوانییەکان بۆ باشترکردنی ڕێگا ناوخۆییەکان و جێبەجێکردنی سیستەمی گواستنەوەی گشتی (پاس یان کەرتی تایبەت).

٤. وەزارەتی کارەبا و سامانە سروشتییەکان:

- پاڵپشتیکردنی پەرەپێدانی کێڵگەی غازی چەمچەماڵ و چارەسەرکردنی بەربەستە تەکنیکی و گرێبەستییەکان لەگەڵ کۆمپانیای "پێرڵ پترۆلیۆم" بۆ گەڕان و پرۆسێسکردنی نوێ.

- داڕشتنی پلانی دانانی بۆریی غازی زیادە و جێگیرکردنی لە بودجەی کەرتەکە یان لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە.

- ئاسانکاری بۆ دامەزراندنی وێستگەیەکی تیشکی خۆر (Solar Power) بە توانای ٥٠ مێگاوات لە ڕێگەی تەندەری PPP لە ساڵی ٢٠٢٦دا.
- مۆدێرنکردنی تۆڕی دابەشکردنی کارەبا و دانانی پێوەری زیرەک بۆ کەمکردنەوەی بەفیڕۆچوونی تەکنیکی و زیادکردنی متمانەی تۆڕەکە.

٥. وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو:

- خێراکردنی پڕۆژەی ئاوی (گۆپتەپە - چەمچەماڵ) و دڵنیابوون لە تەواوبوونی تا ساڵی ٢٠٢٧.

- هەڵسەنگاندن بۆ دروستکردنی بەنداوێکی بچووک یان خەزنەیەکی ئاو تا کۆتایی ساڵی داهاتوو.

- پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵی لە ڕێگەی ڕاهێنانی جووتیاران لەسەر تەکنیکە نوێیەکان و دابینکردنی ئامێری کشتوکاڵیی پاڵپشتیکراو.

- هاندانی "کشتوکاڵی سەرداپۆشراو"

- بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان.

٦. وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و دەستەی وەبەرهێنان:

- داڕشتنی چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی بۆ ناوچە ئابوورییەکان بە هاوکاریی ئیدارەی خۆجێی چەمچەماڵ.

- ئاسانکاری لە مۆڵەتدانی وەبەرهێنان و پێدانی دەسەڵات بۆ پەسەندکردنی پڕۆژە مامناوەندەکان لە ناوچە ئابوورییە تایبەتەکاندا.

- دروستکردنی "پارکی پیشەسازی" بۆ کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان (SMEs).

- واژۆکردنی لانیکەم ٥ گرێبەستی نوێی پیشەسازی (ناوخۆیی و بیانی) تا ساڵی ٢٠٢٦.

٧. وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:

- دامەزراندنی "سەنتەری ڕاهێنانی پیشەیی چەمچەماڵ" و داڕشتنی مەنهەج و بڕوانامەی کۆرسە کورتخایەنەکان.

- زانکۆی چەرمو ڕۆڵی هەبێت لە دروستکردنی هاوبەشی لەگەڵ کەرتی پیشەسازی و کردنەوەی بەشی تەکنیکی (بۆ نموونە: تەکنەلۆجیای کیمیایی بە سپۆنسەری کۆمپانیا پترۆکیمیاییەکان).

- دەستپێکردنی خولی ڕاهێنانی پیشەیی (وەک بیناسازی) لە ماوەی ١٢ مانگی داهاتوودا.

٨. وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن:

- گەیاندنی خزمەتگوزاریی "فایبەر ئۆپتیک" وەک هەنگاوێکی ستراتیجی بۆ دیجیتاڵکردنی قەزاکە.

- ڕاهێنانی فەرمانبەرانی دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان لەسەر سیستمە دیجیتاڵییەکان.

- هاوکاری لەگەڵ حکومەتی خۆجێی بۆ دامەزراندنی پۆرتاڵی حکومەتی ئەلیکترۆنی (ناسنامەی دیجیتاڵی و دەروازەی پارەدان).

٩. وەزارەتی پلاندانان

- پەسەندکردن و چاودێری کردنی ماستەرپلانی گشتگیر (دیدگای ٢٠ ساڵە لەگەڵ ئامانجی ٥ ساڵە و ساڵانە) بۆ پەرەپێدانی چەمچەماڵ و جێگیرکردنی لە بەرنامەی وەبەرهێنانی گشتیی حکومەتی هەرێم.

١٠. حکومەتی خۆجێی (قایمقامیەت و ئیدارەی قەزا):

- دامەزراندنی "بۆردی گەشەپێدانی چەمچەماڵ" لە ماوەی ٣ مانگدا.

- کردنەوەی فەرمانگەی دامەزراندن بۆ پەیوەندی لە نێوان هێزی کاری ناوخۆیی و بەڵێندەرانی پڕۆژەکان.

- دەستپێکردنی هەڵمەتی هۆشیاری بۆ دانیشتووان سەبارەت بە گرنگیی پڕۆژەکان و چۆنیەتی دەستڕاگەیشتن بە هەلی کار.

- جێبەجێکردنی پڕۆژە خێراکان (وەک جوانکردنی شار، پارکەکان، نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکان) بۆ نیشاندانی ئەنجامی دەستبەجێ و بنیاتنانی متمانە.

. خاوەنکار و بازرگانی ناوخۆیی:

- پەرەپێدانی دامەزراوەیی: دامەزراندنی کۆمەڵەی بازرگانیی نوێ یان "ژووری بازرگانیی چەمچەماڵ" بە هەماهەنگی لەگەڵ پلانی گەشەپێدان؛ بۆ دیراسەکردنی ئەو سیناریۆیانەی کە بازرگانانی ناوخۆیی دەتوانن تێیدا بەشدار بن (وەک گرێبەستی بیناسازی، دابینکردنی کەرەستەی خاو و وەبەرهێنانی هاوبەش لە کەرتی کشتوکاڵدا).

- بەرزکردنەوەی کارامەیی: وەبەرهێنان لە ڕاهێنانی هێزی کار و بەدەستهێنانی بڕوانامەی نێودەوڵەتی بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەرە گەورەکان.

- دەستپێشخەریی پیشەسازی: کۆمپانیا ناوخۆییەکان دەتوانن لە پڕۆژەکانی (وشککردنەوەی میوە، بەرهەمهێنانی هەنگوین، پەلەوەر و کەرەستەی بیناسازی) دەستپێشخەر بن.

- ڕۆڵی "دامەزراوەی ڤیژن": وەک هاوکارێک بۆ پێدانی ڕاوێژ، شیکاریی بازاڕ و بەرچاوڕوونی بۆ پاراستنی داهاتووی پڕۆژە بچووک و مامناوەندەکان.

٢. وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی (هەرێمی کوردستان و عێراق):

- کەڵک وەرگرتن لە هاندەرەکان: پێویستە دەستەی وەبەرهێنان بانگەشەی تایبەت بۆ پڕۆژە پیشەسازییەکان بکات (وەک کارگەی ئارد یان کارگەی خشت بە بەکارهێنانی کەرەستەی خاو و گڵی ناوخۆیی).

- بەشداری لە پڕۆژەکانی PPP: هاندانی وەبەرهێنەران بۆ پێشکەشکردنی تەندەر بۆ پڕۆژەکانی (کێڵگەی خۆر یان پەرەپێدانی پارکە پیشەسازییەکان).

-دەرفەتی زێڕین: بەهۆی هەمووارکردنەوەی یاساکانی وەبەرهێنان و کارئاسانیی کارگێڕی، ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ بانکە ناوخۆییەکان و سەرمایەداران تاوەکو پێش ڕکابەرە بیانییەکان، جێپەنجەیان لە ژێرخانی چەمچەماڵدا دیار بێت.

٣. وەبەرهێنەرانی بیانی:

- ناساندنی چەمچەماڵ: وەک شوێنێکی نوێ و ستراتیجی بۆ وەبەرهێنان لە عێراقدا، بە تیشکخستنە سەر ئاسایش، سەقامگیری و بەردەستبوونی سەرچاوە سروشتی و مرۆییەکان.

- کەرتە لەپێشینەکان: وزە (پڕۆسێسکردنی غاز و وزەی نوێبووەوە)، پترۆکیمیاوی، پەیین (سماد) و بەرهەمهێنانی کەرەستەی بیناسازی. هەروەها ئەنجامدانی ڕووپێوی بۆ دۆزینەوەی کانزاکانی تر جگە لە نەوت.
- وەبەرهێنەرانی ئامانج: کۆمپانیاکانی تورکیا (بەهۆی نزیکیی جوگرافی)، کۆمپانیاکانی کەنداو (وەک ئیمارات بۆ گواستنەوەی ئەزموونی ناوچە ئازادەکان) و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان.

- ئاسانکاریی کارگێڕی: پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەک ناوەند (دەستەی وەبەرهێنان) و سوودمەندبوون لە تایبەتمەندیی "ناوچەی ئابووریی تایبەت" کە ١٠+ ساڵ لێخۆشبوونی باج و گەرەنتیی گەڕانەوەی سەرمایەی تێدایە.

## بایەخی ستراتیجی غاز:

بوونی کێڵگەی غاز وەک سەرچاوەی سەرەکیی وزە و پیشەسازی، گەورەترین پاڵنەرە بۆ وەبەرهێنەران. بۆ نموونە: بەرهەمهێنانی پلاستیک یان پەیین لە چەمچەماڵ تێچوویەکی زۆر کەمتری دەوێت بەراورد بە دەرەوەی وڵات، ئەوەش بەهۆی دەستڕاگەیشتنی ڕاستەوخۆ بە غازی ناوخۆیی، کەمیی کرێی گواستنەوە و نزیکی لە بازاڕەکانی عێراق و ناوچەکە.

## ٤. بانکەکان:

بانکەکان دەتوانن بەشداری لە کۆمەڵەی PPP بکەن، یان قەرز بۆ گەشەی ژێرخانی گشتی (بۆ پرۆژەکانی ڕێگاوبان و هتد) دابین بکەن لە ڕێگەی پاڵپشتیکردنی فەرمیی حکومەتەوە. بە سەرنجدان بە هەوڵە بەردەوامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نوێکردنەوەی سیستەمی بانکی و بەرەوپێشبردنی پارەی ئەلیکترۆنی، بانکەکان دەتوانن هاوکاری بکەن لە ڕێگەی فراوانکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ چەمچەماڵ (کردنەوەی لق یان بریکاری نوێ) و بەشداریکردن لە دەستپێشخەرییە گشتییەکاندا؛ وەک دابینکردنی دارایی بۆ بەشێک لە سەنتەرە پیشەییەکان لە بەرامبەر ڕاهێنانی دەرچووان وەک هێزی کار بۆ کەرتە جیاوازەکان. لە کۆتاییدا، تێچووی خولی ڕاهێنانەکان بە قیستی درێژخایەن لە فێرخوازان وەردەگیرێتەوە لە ڕێگەی لێبڕینی مووچەی مانگانەی کارمەندەکانەوە.

بۆ نموونە، ئەو پرۆژانەی لەگەڵ بنەماکانیاندا یەکدەگرنەوە (کشتوکاڵ یان کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان) دەتوانن سوود لە دارایی ئیسلامی وەربگرن. بە شێوەیەکی جیاواز، کەرتی دارایی تایبەت سەرمایە بۆ پرۆژە جێبەجێکراوەکان کۆدەکاتەوە، کە حکومەت لە ڕێگەی گەرەنتی یان چوارچێوەی PPP بەپێی پێویست توانایان پێ دەدات.

## ٥. وەبەرهێنەران لە سەرمایەی مرۆیی:

هەندێک وەبەرهێنانی تایبەت لە خولی ڕاهێنان و پەروەردەدا ئامانج بەخشە. دەکرێت پلانێکی وردتر دابڕێژرێت کە بریتی بێت لە کردنەوەی زانکۆ تایبەتەکان یان پەیمانگا تەکنیکییەکان لە چەمچەماڵ (ڕەنگە بە هاوبەشی لەگەڵ زانکۆی چەرمو). کۆمپانیاکانی تەکنەلۆجیا یاخود کارگە گەورەکان دەتوانن سپۆنسەری ناوەندی داهێنان بکەن بۆ دۆزینەوەی بەهرەمەندەکان، لە ڕێگەی خولی کورتخایەن، چالاکی، کێبڕکێ، وۆرکشۆپ و سیمپۆزیۆمەوە.

نەخۆشخانە تایبەتەکان، کۆمپانیاکانی دەرمان و دابینکردنی پێداویستییە تەندروستییەکان دەتوانن وەبەرهێنان لە کەرتی تەندروستیدا بکەن. هەموو ئەم دەستپێشخەرییانە هەنگاوێکی تەواوکارییە بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ پتەوکردنی ژێرخانی گشتیی قەزای چەمچەماڵ. کۆمپانیاکان دەبێت بنەماکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی کۆمپانیاکان (CSR) پەیڕەو بکەن؛ بۆ نموونە، کۆمپانیایەکی نەوت لە چەمچەماڵ لەوانەیە وەبەرهێنان لە قوتابخانە یان ناوەندێکی تەندروستیی ناوخۆییدا بکات وەک بەشێک لە بەخشین، کە پێویستە حکومەت ئەمە بکات بە مەرج بۆ زیادبوونی ئاستی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

## دەرئەنجام

هەماهەنگی زۆر گرنگە چونکە بەم هەنگاوە حکومەت ژینگەیەکی لەبار و دروست پێشکەش دەکات، کەرتی تایبەت بە گشتی بەشداری تێدا دەکات و بەخشەرەکان و دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان بەشدار دەبن لە پڕکردنەوەی کەلێنەکانی زانیاری و دارایی، لەم نێوەندەدا دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ڕۆڵێکی ئاسانکاری دەگێڕێت و وەک پردێک لە نێوان سەرجەم لایەنەکاندا کار دەکات، وەک ناوەندێکی لێکۆڵینەوە و خانەیەکی بیری ستراتیجی کە بڕیارەکانی لەسەر بنەمای داتا و زانیاری و توێژینەوە دەبێت. بە پەیڕەوکردنی ئەم پلانی کارکردنە دەتوانین لە پلاندانانەوە بگوازینەوە بۆ زەمینەسازی، بە جۆرێک لە ماوەی یەک ساڵدا پێویستە بنەما گرنگەکانی کار ئەنجام بدرێن وەک دروستکردنی لیژنەکان و تەواوکردنی دیزاین و واژۆکردنی گرێبەست و یاداشتنامەکان بەپێی خشتەی جێبەجێکردنی پێشنیازکراو، لە ماوەی سێ ساڵدا چەمچەماڵ بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکاریی بەسەردا دێت لە ڕووی دروستبوونی ڕێگای نوێی گواستنەوە و گەشەی بیناسازی و دامەزراندنی دەرچووانی ڕاهێنراو و زیادبوونی هەلی کار، هەروەها لە ماوەی دە ساڵدا وێنەی تەواوی کارەکان و دەرئەنجامەکان و کێڵگە و کارگە گەشەسەندووەکان و دەسەڵاتێکی بەردەوام و کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو بەدی دەکرێت.

سەبارەت بە خاڵە سەرەکییەکان بۆ بەرپرسانی باڵا، پەرەپێدانی چەمچەماڵ وەک ناوەندێکی گەشەسەندنی هەمەچەشن زیندوویی ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەباتە پێشەوە و هاوتەریب دەبێت لەگەڵ ئامانجەکانی دیدگای ٢٠٣٠، کە تێیدا وڵات پەرە بە هەمەچەشنکردنی ئابووری و ڕەخساندنی هەلی کار و خزمەتگوزارییەکان دەدات، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەرچاوەی غاز و زەویی ناوخۆیی بۆ هەمەچەشنکردن و دوورکەوتنەوە لە وابەستەیی نەوت وەک ئاراستەیەکی ستراتیجی بۆ

حکومەت، بە ئامانجکردنی شەش کەرتی سەرەکیی گواستنەوە و وزە و کشتوکاڵ و پەروەردە و دیجیتاڵی و پیشەسازی بۆ یەکخستنی تواناکانی چەمچەماڵە، چونکە سەرجەم پلانی کەرتەکان وابەستەی یەکترن و یەکدی بەهێز دەکەن، بۆ نموونە ڕێگا نوێیەکان پشتگیریی بەرهەمی پیشەسازی دەکەن و کرێکارانی ڕاهێنراویش پێداویستیی هەلی کارەکان دابین دەکەن. فراوانکردنی ڕێگاوبانی نێوان چەمچەماڵ و سلێمانی و کەرکوک بۆ ئاسانکاریی گەیشتن بە بازاڕ و چالاککردنی ناوچەی پیشەسازیی چەمچەماڵ و فراوانکردنی کێڵگەی غاز کە وەبەرهێنانی تایبەت بە بڕی ٨٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ پلاندراوە، لەگەڵ پڕۆژەی ئاوی گۆپتەپە کە تا ساڵی ٢٠٢٧ کۆتایی بە کێشەی درێژخایەنی ئاوی قەزاکە دەهێنێت، هەموویان هەنگاوی ستراتیجین، هەروەها دامەزراندنی کێڵگەی خۆر بە سیستەمی PPP و سەنتەری ڕاهێنانی پیشەیی و پارکە کشتوکاڵییەکان دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی بەهای بەرهەمە ناوخۆییەکان.

ئەم پلانە زیاتر لە ٢٥ هەزار هەلی کاری ڕاستەوخۆ و دەیان هەزار هەلی کاری ناڕاستەوخۆ لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا دەستەبەر دەکات، کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بێکاری بەتایبەت لەناو گەنجاندا، پێشبینی دەکەین تا ساڵی ٢٠٣٠ بەشداریی چەمچەماڵ لە بەرهەمی ناوخۆیی و پیشەسازی بۆ نزیکەی ٥٠٠ ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا بەرز ببێتەوە، کە تێیدا گەڕانەوەی وەبەرهێنان (ROI) زۆر باشە و هەر دۆلارێکی وەبەرهێنراو دەبێتە هۆی ٣ بۆ ٤ دۆلار سوودی ئابووری، گەشەپێدانی چەمچەماڵ لەسەر بنەمای باشترین ئەزموونە جیهانییەکانە وەک هەمەچەشنکردنی ئابووریی ئیمارات و مۆدێلی سەرکەوتووی PPP لە ئوردن و ناوچە پیشەسازییەکانی تورکیا، بۆیە چەمچەماڵ دەبێتە مۆدێلێکی تاقیکاری لە عێراقدا بۆ گەشەپێدانی ستراتیجی قەزاکان. لە ماوەی ١٢ مانگی داهاتوودا چاوەڕوان دەکرێت هەنگاوی بەرجەستە ببینرێت لە پێشکەوتنی ڕێگاوبانەکان و دەستپێکردنی خولی پیشەیی و واژۆکردنی چەندین یاداشتنامەی وەبەرهێنان، تا ساڵی ٢٠٣٥ چەمچەماڵ دەبێتە ناوەندێکی ئابووریی دینامیکی و بەردەوام کە بەشدارییەکی بەرچاو لە دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەکات و کاریگەریی پلاندانانی پێشکەوتنخوازانە و کردەوەی یەکلاکەرەوە نیشان دەدات.

*Al-Jumaily, H.A.A., Mohammad, O.A.M. and Rasheed, B.R. (2020) 'Health risk ,assessment of heavy metals in ground and tap water of Chamchamal city .Kurdistan Region, Iraq', Tikrit Journal of Pure Science, 25(5), pp. 62–70* https://doi.org/10.25130/tjps.25.2020.090

*Al-Jumaily, H.S.H. and Al-Tamimi, O.S.I. (2025) 'Hydrogeological assessment of the aquifers in the Chamchamal sub-basin, Iraq', Iraqi National Journal of Earth Science, 25(1), pp. 175–193.* https://doi.org/10.33899/earth.2024.145978.1215

*Almahasnah, M.J. (2024) 'Public-private partnership in Jordanian law and its role ,in overcoming contemporary challenges', Wisdom Journal for Studies & Research .pp. 284–302 ,(5)4*
*Available at:* https://doi.org/10.55165/wjfsar.v4i5.408

*.Aydın, Y. (2025) Turkey's industrial and supply chain policy: Goals and prospects .SWP Research Paper No. 2. Berlin: Stiftung Wissenschaft und Politik*
*-Available at:* https://www.swp berlin.org/publications/products/research_papers/2025RP02_Turkey_Industrial_Policy.pdf

*Calderón, C. and Servén, L. (2014) 'The effects of infrastructure development on* ***.growth and income distribution', World Bank Economic Review, 28(1), pp. 1–25***
https://doi.org/10.1093/wber/lhs009

*Elnagar, M.M. and Elnagar, M. (2024) The role of strategic leadership on economic diversification and non-oil sectors in the United Arab Emirates. SSRN Working .Paper*
*Available at:* https://papers.ssrn.com/sol3/papers.cfm?abstract_id=5748182

*Estache, A., Foster, V. and Wodon, Q. (2002) 'Accounting for poverty in .infrastructure reform', World Development, 30(9), pp. 1525–1540*
https://doi.org/10.1016/S0305-750X(02)00055-7

*Fox, L. and Kaul, U. (2018) 'The evidence is in: How should youth employment –programs in low-income countries be designed?', World Development, 105, pp. 1*
https://doi.org/10.1016/j.worlddev.2017.12.005 *.14*

Gollin, D., Lagakos, D. and Waugh, M.E. (2014) 'Agricultural productivity .differences across countries', American Economic Review, 104(5), pp. 165–170 https://doi.org/10.1257/aer.104.5.165

Kline, P. and Moretti, E. (2014) 'Local economic development, agglomeration –economies, and the big push', Quarterly Journal of Economics, 129(1), pp. 275 https://doi.org/10.1093/qje/qjt034 .331

Maghdid, R.S. (2023) 'Natural resource governance and economic development in .the Kurdistan Region of Iraq', Journal of Humanities and Social Sciences, 7(2), pp .63–45

McMillan, M., Rodrik, D. and Verduzco-Gallo, Í. (2014) 'Globalization, structural .change, and productivity growth', World Development, 63, pp. 11–32 https://doi.org/10.1016/j.worlddev.2013.10.012

.Pamuk, Ş. (2024) Economic history and industrialization in Turkey. Working Paper .Hoover Institution
-Available at: https://www.hoover.org/sites/default/files/2023
LRP%20WP%202312.pdf/10

Qwader, A.S.Y. and Al Sharif, B.M.M. (2025) 'The regulation of public-private partnerships in the economy: A case study of the emerging market', Journal of .Governance & Regulation, 14(1), pp. 29–37
:https://doi.org/10.22495/jgrv14i1art3 Available at :

,Stern, J. (2017) 'The role of gas in developing countries', Energy Strategy Reviews pp. 9–17. https://doi.org/10.1016/j.esr.2017.01.003 ,16

Subhi, A., Abubakir, H., Mirza, K. and Hussein, H. (2025) 'Simulation and ,'optimization of the Sulaymaniyah combined-cycle power plant in Chamchamal .Eurasian Journal of Science and Engineering, 11(3), pp. 12–24 https://doi.org/10.23918/eajse.v11i3p2

Victor, D.G., Hults, D.R. and Thurber, M.C. (2012) Oil and governance: State-owned .enterprises and the world energy supply. Cambridge: Cambridge University Press https://doi.org/10.1017/CBO9781139003957

World Bank (2017) 'Special economic zones: An operational review', World Bank Research Observer, 32(1), pp. 1–28. https://doi.org/10.1093/wbro/lkw002

Vision Foundation
for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq